حکوومەتی کوردستان و تورکیا و عێراق سێ بەنداو لە سنووری قەزای مێرگەسۆر دروست دەکەن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5716) دووشەممە 25ی ئادار 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای دەکا: تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان، سێ بەنداو لە سنووری قەزای مێرگەسۆر دروستدەکەن، بەدروستکردنی بەنداوەکانیش ژیان لەو ناوچەیە دەبوژێتەوە لە ڕووی گەشتیاری و زیادبوونی بەرهەمی ماسی، بێ ئەوەی هیچ گوندێکیش بکەوێتە ژێر ئاو. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

مانگی داهاتوو مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ ڕادەسپێردرێت

پەرلەمانتارێکی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد تا کۆتایی ئەم مانگە پرسی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم یەکلا دەکرێتەوە و دەشڵێت لە مانگی نیسانی دابێ مەسروور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی ڕادەسپێردرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پارتی و یەکێتی لە پیرمام کۆبوونەوە

بۆ کارکردنی هاوبەش هەنگاوی باش نراون و کۆبوونەوەیەکی دیکە ئەنجامدەدرێت



دوێنێ یەکشەممە 2019/3/24 شاندی دانوستانکاری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە پێکهێنانی حکوومەت و پەیوەندییەکانی نێوانیان لە پیرمام کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکەش ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە، لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا جەخت لە کارکردنی هاوبەشی نێوانیان کراوەتەوە، هاوکات ڕاشیانگەیاندووە کە لە کۆبوونەوەکەدا هەنگاوی باش نراوە بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکرێت لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی دانوستاندن و گەیشتن بە ڕێککەوتن. **ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:**

لە درێژەی کۆبوونەوەکانی هەردوو وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. ئەمڕۆ 2019/3/24 لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەی هاوبەشی هەردوولا ئەنجام درا.

هەر وەکو لە کۆبوونەوەکەی ڕابردوو ڕامان گەیاندبوو کە دەستمان بە گفتوگۆی جدی و بەرهەمدار کردووە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی سیاسی کە لە نێوان هەردوولا ئیمزا کراوە، ئەمڕۆش لە وردەکاری کارکردنی هاوبەش هەنگاوی باش نران و بڕیار درا لەم هەفتەیەدا کۆبوونووەی تر ئەنجام بدرێت و هەردوولا ئامادەکاری بکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی دانوستاندن و گەیشتن بە ڕێککەوت.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان **پارتی دیموکراتی کوردستان**

پارتی لە مووسڵ قورسایی هەیە و ڕۆڵیشی لە دانانی پارێزگاری نوێدا دەبێت

بەرپرسی لقی14ی پارتی لە مووسڵ، ئاماژە بە بارودۆخی مووسڵ دەکات و ڕایدەگەیەنێت، کارەساتی نقومبوونی دەیان کەس لە بەلەمێکدا، نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی زەق کردەوە و کار گەیشتە ئەوەی داوای لەکارلادانی پارێزگاری شارەکە بکرێت، سەبارەت بە بەهاناوەچوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئاماژەی دا، کە هەمیشە سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی هاوکاری سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو شارەیان کردووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



تیمی بەرگری شارستانی قەیاغە نقوومبووەکەی مووسڵ لە ڕووباری دیجلە دەردەهێنێت

پەرلەمانی عێراق پارێزگاری نەینەوای لە پۆستەکەی لادا

لە چوارچێوەی کاردانەوەکانی دوای ڕووداوەکەی مووسڵ، لەسەر پێشنیازی سەرۆکوەزیرانی عێراق، پەرلەمانی عێراق پارێزگاری نەینەوای لە پۆستەکەی لادا. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی پێنجشەممە 21ی ئاداری2019، بەلەمێک لەسەر ڕووباری دیجلە لە مووسڵ ژێرئاو کەوت و نزیکەی 120 کەس بەهۆیەوە گیانیانلەدەستدا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ڕەوشی گوندنشینانی سیدەکان

بەهۆی بوونی بارەگاکانی پەکەکە ناجێگیرە

بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆران ڕایگەیاند، دوێنێ لە سنووری سیدەکان، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەسەر چەند ناوچەیەکدا سووڕانەتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

گوتەبێژی پارتی: ڕاگەیاندنی حکوومەتێکی بەهێز تەنیا مەسەلەی کاتە

مەحمود محەمەد گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە پیرمام، پێشوازی لە شاندی کونسوولخانەی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کرد، کە پێکهاتبوون لە ستیڤن فەیگن کونسوولی گشتی و سیلڤیا ئیلیزیا بەرپرسی بەشی سیاسی و ئابووری کونسوولخانە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان گرنگە

وەیسی سەعید وەیسی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: چاوەڕوان دەکرێت تا کۆتایی ئەم مانگە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت و لەوێشەوە گفتوگۆ لەسەر هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژە یاساکە ڕەهەندی نیشتمانیی هەیە، پێمان باشە کۆدەنگیی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی لەسەر بێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت لە هەڵەبجە کرایەوە

کردنەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دێت بۆ دامەزراندن و کردنەوەی هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە دوای بە پارێزگاکردنی شارەکەوە. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ژمارەیەک زەوی کارت لە هەولێر تاپۆ دەکرێت

سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕوونیکردەوە: لە چوارچێوەی کاری تاپۆکردنی زەوییە کارتەکان، لەم ڕۆژانەی دواییدا توانرا کار بۆ گۆڕینی ژمارەیەک زەوی کارت بکرێت بۆ سەنەد. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێلەگ زەردەکان

سوپا و پۆلیس چوونە پاڵ یەکتر

بۆ یەکەمجار هێزەکانی سوپای فەڕەنسا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندانەکانی ئێلەگ زەردەکان کە بۆ ماوەی نۆزدە حەفتەیە لە شاری پاریس پایتەختی فەڕەنسا دژبە حکوومەتەکەی سەرۆک کۆمار ئیمانوێل ماکرۆن بەردەوامە، چوونە پاڵ هێزەکانی پۆلیس. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بەرزاییەکانی جۆڵان

سەرهەڵدانی کێشەیەکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

(ڕاپۆرتێک لە ل5 بخوێنەوە)



مانگی داهاتوو مەسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ رادەسپێردرێت

د. سەباح زێباری: پارتی پڕۆژەیاسایەکی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە



پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای کرد تا کۆتایی ئەم مانگە پرسی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان یەکلا دەکرێتەوە و دەشڵێت لە مانگی نیسانی داهێ مەسروور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی رادەسپێردرێت.

د.سەباح زێباری، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی راگەیاندووە: پارتی پڕۆژەیاسایەکی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئامادە کردووە و بڕیارە لەم هەفتەیەدا لە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، ئەگەر یەکێتی بەشداری دانیشتنی پەرلەمان بکات، پێکەوە لە پەرلەمان دانوستان لەسەر پرۆژەکە دەکەین، لە ئەگەری نەهاتنی یەکێتیش، پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان یەکلا دەکرێتەوە. ئەو پەرلەمانتارەی پارتی گوتیشی: پارتی بڕیاری خۆی داوە تا کۆتایی ئەم مانگە ئەو بابەتە کۆتایی بێت، چونکە کات لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکدا نییە و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر دواکەوتووە، ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان پڕۆژەکە تاوتوێدەکەین. لەمەڕ پێکهێنانی کابینەی نوێ، دکتۆر سەباح زێباری ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە: تا سەری مانگ پرسی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەگەر بە تەنیاش بێن یەکلای دەکەینەوە، هەروەها لە مانگی داهاتوودا، واتا نیسان، کاندیدی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی رادەسپێردرێت و ئەوەش یەکلا دەکرێتەوە.

حکوومەتی کوردستان و تورکیا و عێراق

سێ بەندی لە سنووری قەزای مێرگەسۆر دروست دەکەن

خەبات-کارزان حەیدەر:

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای دەکا: تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستان، سێ بەندی لە سنووری قەزای مێرگەسۆر دروستدەکەن، بەدروستکردنی بەندەکانیش ژیان لەو ناوچەیە دەبوژێتەوە لە ڕووی گەشتیاری و زیادبوونی بەرهەمی ماسی، بێ ئەوەی هیچ گوندێکیش بکەوێتە ژێر ئاو.



محەمەدەمین فارس ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: لە ساڵی 2015 حکوومەتی تورکیا پێشنیازی دروستکردنی ئەو سێ بەندەی بۆ حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە بە هاوبەشی لەبەر ئەوەی دوو لەو شوێنانەی پڕۆژەکانی لێ جێبەجێ دەکرێت، ڕووبارەکان هێلی سنوور پێک دێنن و پێی دەڵێن هێلی تاڵوت، بەندەکان سێیەمیش لەسەر ڕووباری شینە کە بەرزییەکەی 180 مەترەو 80 میگاوات کارەبا بەرهەم دێنێت جگە لەوەی 674 ملیۆن مەتر سێجا ئاو کۆدەکاتەوە، هەردوو بەندەکە حاجی بەگ و قەرەداخیش لە سنووری قەزای مێرگەسۆر دروستدەکرێن، بەندەکە حاجی 125 مەترەو 50 میگاوات کارەبا دەدات، بەندەکە قەرەداخیش بەرزییەکەی 133 مەترەو نزیکەی 25 میگاوات کارەبا دەدات، لەگەڵ ئەویشدا زیاتر لە 150 هێکتار زەوی ئاو دەدات.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق زیاتر دەڵێ: ئەو بەندەکانە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق و تورکیاش گرنگ و پڕ سوودە، بەتایبەتیش بۆ کوردستان، چونکە گوندەکانی نزیک لە بەندەکان دەبوژێتەوە و ئاوەدان دەبنەوە، سەرباری ئەوەی دەبێتە ناوچەیەکی گەشتیاری باش، دڵنیایشیدا لەوەی هیچ گوندێک لەو ناوچەیە بەهۆی دروستکردنی بەندەکانی ژێر ئاو ناکەون.

جێی باسە ڕۆژی 20ی مانگ محەمەدەمین فارس ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەگەڵ تیمێکی هاوبەشی وەزارەتەکانی سەچاوەکانی ئاو و بەرگری حکومەتی فیدراڵ نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەو شوێنانەیان کرد کە بڕیارە پڕۆژەی بەندەکانی لێ جێبەجێ بکرێت.

بەرپرسی لقی14ی پارتی: پێشبینیی گۆڕانکاری نوێ لە پارێزگاکە دەکەین

پارتی لە مووسڵ قورسایی هەیە و ڕۆڵیشی لە دانانی پارێزگاری نوێدا دەبێت



تۆمبوونی بەڵەمەکەی ناوچەی گەشتیاری موسڵ، دەیان هاوڵاتیی کردە قوربانی

بەرپرسی لقی14ی پارتی لە مووسڵ، ئاماژە بە بارودۆخی مووسڵ دەکات و ڕایدەگەیەنێت، کارەساتی نقومبوونی دەیان کەس لە بەڵەمێکدا، نەبوونی خزمەتگوزاریەکانی زەق کردەوە و کار گەیشتە ئەوەی داوای لەکارلادانی پارێزگاری شارەکە بکرێت، سەبارەت بە بەهاناوەچوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، ئاماژەی دا، کە هەمیشە سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی هاوکاری سەرجەم پێکهاتەکانی ئەو شارەیان کردووە.

عەلی خەلیل، بەرپرسی لقی14ی پارتی لە مووسڵ، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بارودۆخی شارەکە دوا کە پارێزگاکە لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە لە ڕەوشێکی خراپدایە و نموونەشی بە کێشەکانی ئاو و کارەبا و ڕێگەوبان و نەبوونی کار هێنایەوە، کە هاوڵاتیانی سنووری شارەکەی بە گشتی هەراسان کردووە، ئەوەیشی بووە هۆی زەقکردنەوەی نەبوونی پڕۆژە و خزمەتگوزاریەکان، ڕووداتی نقومبوونی دەیان هاوڵاتیی بەڵەمەکەی ناوچەی گەشتیاری بوو، کە لەگەڵ دروستبوونی ئەو کارەساتە، کار گەیشتە ئەوەی داوای لە کارلادانی نەوفەل حەمادی، پارێزگاری مووسڵ و جێگرانی بکرێت.

ئێستا هاوڵاتییانی شارەکە ڕۆژانە خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن و دەنگی ناڕەزایەتییەکی زۆر شارەکەی تەنیوە، ناوبراو پێیوایە، ڕەوشەکە زیاتر ئاڵۆزی بە خۆیەوە نابینێت، بەڵکوو لە یەک دوو ڕۆژی دابێت، پێشبینیی گۆڕانکاریی نوێ لە مووسڵ دەکەن، ئەو دەنگی ناڕازییەش چارەسەر دەکرێت، ئەویش بەهۆی هەندێ بڕیارەوە، ڕەوشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی پێشوو و ئاسایی دەبێتەوە. عەلی خەلیل، گومانی نییە، کە هەندێ لایەنی سیاسیی ڕەوشی مووسڵیان بە دەرفەت زانیوە، بۆ ئەوەی موزایەدەی پێوە بکەن، بەو پێیەی لە هەر شوێنێک بۆشایی پەیدا ببێت، هەر لایەنە و هەوڵدەدات بە پێی بەرژەوەندیی خۆی کاری تێدا بکات و بە قازانجی خۆی بیشکێنێتەوە.

لە کاتی گۆڕانی پارێزگاری شارەکەش، بەرپرسی لقی14ی پارتی لە مووسڵ، نایشارێتەوە، کە بەو پێیەی پارتی لەو شارەدا قورسایی خۆی هەیە، هیچ پارێزگارێک بۆ نەینەوا دیاری ناکرێت، هاوکات پارتیش ڕۆڵی لە دانانی پارێزگاری نوێدا دەبێت، چونکە کورد بەشێکە لە چارەی بارودۆخی پارێزگاکە، گوتیشی: ئێمە وەک پارتی دیموکراتی کوردستان پێگەی خۆمان لە مووسڵ هەیە، نکۆڵی لە ڕۆڵی پارتی ناکرێت، سەرۆکی ئەنجوومەن و ژمارەیەک بەرپرسی نەینەوا لە پشکی پارتین، هەروەها پێش پەنجا ساڵیش بارەگامان لە مووسڵ هەبووە و پێگەی جەماوەریمان هەیە.

بەرپرسەکەی پارتی تیشک دەخاتە سەر هاوکارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگاکە و دەشڵێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت، زۆر لەمێژە سەرۆک بارزانی زۆر هاوکاریی خەڵکی مووسڵی کردووە، نموونەش بە هاتنی هێرشی داعش بۆ سەر مووسڵ دەکات، کە شەپۆلی ئاوارەکان زیاتر بەرەو دهۆک و هەولێر دەهاتن، لەوکاتەوە دەرگای نەخۆشخانە و قوتابخانە و هەموو شوێنێک بە ڕووی خەڵکی لێقەوماوی مووسڵدا کراونەتەوە، گوتیشی: ڕۆڵی سەرۆک بارزانی و نێچیرڤان بارزانی دیارە لە هاوکاریکردنی خەڵکی مووسڵ بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، لە کارەساتی ڕۆژی پێنجشەممەشدا سەرۆک بارزانی و سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، ئامادەیی هەموو هاوکارییەکیان پیشان دا، ڕۆژانە ئێمە خەڵکی مووسڵ دەبینین و داوای گەیاندنی سڵاویان بە سەرۆک بارزانی دەکەن.

وێڕای دوورخستنەوەکەی ڕەوانەی دادگاش دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە

پەرلەمانی عێراق پارێزگاری نەینەوای لە پۆستەکەی لادا



لە چوارچێوەی کاردانەوەکانی دوای ڕووداوەکەی مووسڵ، لەسەر پێشنیازی سەرۆکوەزیرانی عێراق، پەرلەمانی عێراق پارێزگاری نەینەوای لە پۆستەکەی لادا. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی پێنجشەممە 21ی ئاداری2019، بەڵەمێک لەسەر ڕووباری دیجلە لە مووسڵ ژێرئاو کەوت و نزیکەی 120 کەس بەهۆیەوە گیانیانلەدەستدا، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بە فەرمیی پێشنیازی بۆ پەرلەمانی عێراق کرد، بە تۆمەتی کەمتەرخەمی و قۆستنەوەی پۆستەکەی و کەمتەرخەمی و بەهەدەردانی مووڵکی گشتی، نۆفل حەمادی عاگوب، پارێزگاری نەینەوا لە پۆستەکەی لابدەن. سەبارەت بەو داوایەش پەرلەمانی عێراق دوێنێ یەکشەممە کۆبۆوە و کە دانیشتنەکەش تایبەت بوو بە ڕووداوەکەی مووسڵ و تیایدا بڕیاری لەکارلادانی نۆفەڵ حەمادی لە پۆستی پارێزگاری نەینەوا دەرکرد. هەر لە کۆبوونەوەکەدا پەرلەمانی عێراق شەش بڕیاری دەرکرد بۆ باشکردنی دۆخی مووسڵ، لە گرنگترینیان، باشکردنی ڕەوشی خزمەتگوزاری و ئەمنی و چاودێریکردنی زیاتری ئەو شوێنانەی لەژێر دەسەڵاتی میلیشیاکاندان، هەروەها دوورخستنی بارەگا نایاساییەکان و ڕێکخستنەوەی هێزە ئەمنییەکان، جگە لەوەی بڕیار درا پارێزگاری نەینەوا دووبارەخرێتەوە و ڕەوانەی دادگاش بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە. بڕیاری لادانی پارێزگاری نەینەوا لە پۆستەکەی بەپێی یاسا، بەسەر هەردوو جێگرەکەشیدا جێبەجێ دەبێت و ئەوانیش لە پۆستەکانیان لادران.

ئێران.. لە پشووی نەورۆزدا 77 کەس بوونە قوربانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ

بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەم سێ ڕۆژەی دواییدا لە ئێران 77 کەس گیانیان لەدەستداوە و هەزار و 700ی دیکەش برینداربوون. بەڕێوەبەری هۆبەی هاتوچۆی ئاسایشی ئێران، کەمال هادینفەڕ لە شاری ئەلبورز بە میدیاکانی ڕاگەیاند، بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەم سێ ڕۆژەی دواییدا کە بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پشوویە لە ئێران 77 کەس گیانیان لەدەستداوە و هەزار و 700ی دیکەش برینداربوون.

هادینفەڕ ئاماژەی بەوەش دا زۆربەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی کەمتەرخەمی و سەرنجبلاوی شۆفێرانەوە بووە.

مەحموود محەمەد و کونسوڵی ئەمەریکا

پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتیان تاوتوێکرد

گوتەبێژی پارتی: راگەیاندنی حکوومەتێکی بەهێز تەنیا مەسەلەی کاتە





دوێنێ یەکشەممە، 24ی 3ی 2019 مەحموود محەمەد گوتەبێژ و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە پیرمام، پێشوازی لە شاندی کونسوڵخانەی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان کرد، کە پێکهاتبوون لە ستیڤن فەیگن کونسوڵی گشتی و سیلڤیا ئیلیزیا بەرپرسی بەشی سیاسی و ئابووری کونسوڵخانە. لە دیدارەکەدا باس لە پێشوەچوونی پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێم کرا، لای خۆیەوە کونسوڵی ئەمەریکا جەختی کردەوە لەسەر گرینگی پێکهێنانی کابینەی نوێ، لەبەرامبەردا مەحموود محەمەد سوپاسی هاوخەمی کونسوڵخانە و حکوومەتی ئەمەریکای کرد و رووی کردەوە کە هەوڵەکان ئاستێکی زۆرباشیان بەخۆوە بینیوە و تەنیا مەسەلەی کاتە بۆ راگەیاندنی حکوومەتێکی بەهێز لەپێناو خزمەتکردنی خەڵک و هەرێمی کوردستان. هەر لە دیدارەکەدا باسی چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان پارتە جیاوازەکانی هەرێم کرا و مەحموود محەمەد ڕوونی کردەوە پێداگرتنی پارتی بۆ بونیادنانی حکوومەتێکی بەتوانا و هاوبەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پارتی باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە لایەنەکان دەبێت ڕۆڵی کارای خۆیان ببینن لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکە کە ئەمەش لەسۆنگەی باوەڕبوونمان بە هاونیشتمانیەتی هەموو هێز و لایەنەکان دێت.

وەیسی سەعید وەیسی:

پێمان باشە کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکان لەسەر پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێم هەبێت

وەیسی سەعید وەیسی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: چاوەڕوان دەکرێت تا کۆتایی ئەم مانگە کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت و لەوێشەوە گفتوگۆ لەسەر هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژە یاساکە ڕەهەندی نیشتمانیی هەیە، پێمان باشە کۆدەنگیی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی لەسەر بێت، بەتایبەت بۆ ئێمە کە گرنگە کۆدەنگیی یەکێتیی لەسەر بێت کە هاوبەشی پارتییە لە کوردستاندا، بۆیە هیواخوازین لەو پرسە لەگەڵمان هاوڕا بن.

هەروەها گوتیشی: بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دوای دەستنیشانکردن و سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دواتر دەستدەکرێت بەناوهێنان و سوێندخواردنی سەرۆکی کابینەی نوێی حکوومەت و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لە لایەکی دیکەوە دۆخی نێوان بەغداو هەرێم تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوو فەیگن خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەو نزیکبوونەوەی کە پەیوەندییەکانی هەردوولا بە خۆیانەوە بینیوە و ئومێدیشی خواست کە هەردوولا هەوڵی زیاتر بدەن بۆ باشترکردنی دۆخەکەو چاکترکردنی دۆخی هاوڵاتییان و سەقامگیری وڵات.

سەرۆکی حکوومەت یەک مانگی لەبەردەمە بۆ پێکهێنانی حکوومەت، گوتیشی ئومێدمان دەکرد کە ئەو پرسە زووتر یەکلا ببێتەوە، چونکە خەڵکی کوردستان متمانەی بە پەرلەمان داوە، بۆیە هیواخوازین تا کۆتایی مانگی نیسان سەرۆکی حکوومەت دەستنیشان بکرێت و سوێندی یاسایی بخوات بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بدەن بە پرۆژە و خزمەتگوزاری و هاوکاریی خەڵک بکەن.

دانیشتووانی گوندی سیبا عەماش لە ترسی داعش شوێنەکانی خۆیان بەجێشتووە

لە سنووری شنگال شەڕ لە نێوان داعش و هێزێکی عێراقی ڕوویدا



بە گوتەی بەڕێوەبەری ناحیەی قەیرەوان کە سەر بە قەزای شنگالە، دوێنێ یەکشەممە سێ چەکداری داعش ویستوویانە خۆیان بگەیەننە ناو گوندی سیبا عەماش لە قوبلەی چیای شنگال و لە نێوان ئەوان و هێزە عێراقییەکاندا شەڕ ڕووی داوە.

لەمبارەوە عەبدولحەمید قاسم، بەڕێوەبەری ناحیەی قەیرەوان بۆ خەبات ڕایگەیاند: خەڵکی گوندی سیبا عەماش لە قوبلەی چیای شنگال بە دووریی 30 کیلۆمەتر، هێشتا نەگەڕاونەتەوە شوێنی ژیانی خۆیان و بەجێیان هێشتوون، چەند چەکدارێکی تیرۆریستی داعش ئەو هەڵیان قۆستووەتەوە و ئەو خانووانەیان بۆ خۆیان بەکارهێناوە و تێیدا خۆیان حەشارداوە . گوتیشی: دوای ئەوەی لەلایەن هەندێک لە هاوڵاتییانەوە زانیاری دراوەتە هێزە عێراقییەکان کە تیرۆریستانی داعش لەناو خانووە چۆڵەکانی گوندی سیبا عەماش خۆیان حەشار داوە، هێرشیانکردووەتە سەریان و لە ئەنجامدا شەڕی ڕووی داوە . بەڕێوەبەری ناحیەی قەیرەوان ڕاشیگەیاندووە پاش شەڕ و پێکدادان ئەو سێ چەکدارەی داعش لەناو خانووە چۆڵەکان لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە کوژراون و ناوچەکەش پاک کراوەتەوە.

ڕەوشی گوندنشینانی سیدەکان بەهۆی بوونی بارەگاکانی پەکەکە ناچێگیرە

ئیحسان چەلەبی: پەکەکە کەشوهەوای باراناوی بە دەرفەت دەزانێ بۆ هێرشکردنە سەر بنکە سەربازییەکانی تورکیا



بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆران لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند ، دوێنێ لە سنووری سیدەکان، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەسەر چەند ناوچەیەکدا سووڕانەتەوە. ئیحسان چەلەبی، بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکان، بۆ خەبات ڕایگەیاند: دوێنێ یەکشەممە، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەسەر ناوچەکانی خوارکورک و سمێلە و لۆلان و دێل و بە دەوروبەری گوندەکانی سیران خەلیفان و ئالەکان دا سووڕاونەتەوە و لە چیای دێل بنکەی سەربازی تورکیای لێیە، بەڵام فڕۆکەکان تۆپبارانیان نەکردووە. گوتیشی، ئێستا لە سنووری سیدەکان کەشوهەوا نالەبارە و باران دەبارێت و هەر کاتێک کە دۆخی کەشوهەوا باراناوی بێت، یان تەم بێت، پەکەکە بە دەرفەتی دەزانێت و هێرش دەکاتە سەر بنکە سەربازییەکانی تورکیا، ئەوانیش بۆ ئامادەباشیی خۆیان بە فڕۆکەی سەربازی بەسەر ئەو ناوچانەدا دەسووڕێنەوە. بەپێی زانیارییەکان دۆخی ناوچە شاخاوییەکانی سنووری سیدەکان بەهۆی بوونی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ناچێگیرە و بەو هۆیەوە سوپای تورکیا ناوەبەناو هێرشی ئاسمانی دەکاتە سەر سنوورەکە و بەو هۆیەوە خەڵکی گوندنشینانی سنوورەکە دەبنە قوربانی.

ڕێگەی چوونی هاوواڵاتییانی کوردستان بۆ بەغدا دەگۆڕدرێت

ڕێگە تازەکە ماوەی 10 ساڵە داخراوە و شوێنی سەرهەڵدانی داعشە

بەهۆی کەمتەرخەمی بەرپرسانی پارێزگای دیالە ڕێگەی چوونی هاوواڵاتییانی کوردستان لە نزیک دەریاچەی حەمرینەوە لە ناوچە کوردستانییەکانی دیالە دەخرێتە سەر ڕێگەی سەربازی کە بەڕێگەیەکی مەترسیداری شوێنی سەرهەڵدانەوەی داعش ناسێنراوە.

دوێنێ یەکشەممە 24ی ئادار سەرچاوەیەکی هەواڵگری پۆلیسی دیالە بۆ مالپەڕی وشە ئاشکرای کردووە، بازگەگانی نزیک بە دەریاچەی حەمرین و ڕێگەی شارەدێی سەعدیە ئاگادار کراونەتەوە بە دانانی تاسە و تابلۆی ئاگادارکردنەوە بە داخستنی ڕێگەی هاتووچۆی هەرێم و خانەقین بە بەغدا کە دەکەوێتە سەر دەریاچەی حەمرین. زیاتر گوتی: بە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاوی دەریاچەی حەمرین و سەرکەوتنی بەسەر ڕێگەکە، دەبێ شۆفێرانی ڕێگەی کوردستان بۆ بەغدا لە سنووری ئیمام وەیسەوە هاتووچۆ بکەن تا ڕێگەکە ئامادە دەکرێتەوە، وەک ئاماژەی بۆ کردووە، ڕێگەی ئیمام وەیس بە ڕێگەیەکی سەربازی ناسراوە و ماوەیەکی زۆرە هاتووچۆی پێدا نەکراوە. لای خۆیەوە ئەحمەد زرگوشی بەڕێوەبەری شارەدێی سەعدیەی سەر بە شارۆکەی خانەقین ئاشکرای کردووە، بە فەرمانی بەرپرسانی دیالە ڕێگەی هاتووچۆی هاوواڵاتییانی خانەقین و شارەدێکانی قەرەتەپە و جەبارە و جەلەولا و سەعدیە، دەبێ لە ڕێگەی ئیمام وەیسەوە بێت. دووپاتی کردەوە کە بەرپرسانی ڕێگەوبانی دیالە سەرقاڵی چاککردن و بەربەست دروستکردنی دەوروبەری دەریاچەی حەمرین.

بە گوتەی زانیارییەکان ماوەی 10 ساڵە لە ڕێگەی ئیمام وەیسەوە هاتووچۆ نەکراوە بەهۆی خراپی و مەترسی گرووپە تۆندڕەوەکان، بەڵام کەمتەرخەمی بەرپرسانی دیالە لە بەرزبوونەوە و چارەسەرکردنی بەرزبوونەوەی ئاوی دەریاچەی حەمرین ئەو ڕێگەی بە داخستن دا.



هۆڵەندا.. خۆپیشاندان دژ بە ڕەگەزپەرەستی و جیاکاری بەڕێوەچوو

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێلەگ زەردەکان

سوپا و پۆلیس چوونە پاڵ یەکتر



بۆ یەکەمجار هێزەکانی سوپای فەڕەنسا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندانەکانی ئێلەگ زەردەکان کە بۆ ماوەی نۆزدە هەفتەیە لە شاری پاریس پایتەختی فەڕەنسا دژبە حکوومەتەکەی سەرۆک کۆمار ئیمانوێل ماکرۆن بەردەوامە، چوونە پاڵ هێزەکانی پۆلیس.

مانگەڕی کەنالی "فرانس 24" بڵاویکردەوە کە هێزەکانی سوپا و پۆلیس ڕێگەیان بە خۆپیشاندەرانی ئێلەگ زەردەکان نەداوە لە شەقامی شانزەلیزێ لە پاریس گردببنەوە و خۆپیشاندان ساز بکەن ئەویش دوای ئەوەی هەفتەی ڕابردوو، فڕۆشگا بازرگانی و دامەزراوەکان تالانکران. بەپێی کەنالەکە، ژمارەیەکی کەم لە ئێلەگ زەردەکان لە نۆزدەهەمین حەفتەی ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندانەکان لە ناوچەکانی دیکە خۆپیشاندانیان کردووە.

هەروەها پۆلیسی فەڕەنسا بڕیاری داوە کە ڕێگە نەدرێت هیچ خۆپیشاندانێک لە شارەکانی تۆلۆز باشووری ڕۆژئاوا، بۆردۆ ئۆنیس باشووری ڕۆژهەلاتی ئەو وڵاتە ئەنجام بدرێت ئەویش بەهۆی ئەوەی سەرۆکی چین، شی جی پێنگ سەردانی ئەو شارانەی کردووە.

هاوکات ڕابیتەی مافەکانی مرۆڤ لە فەڕەنسا ئیدانەی ئەو بڕیارەی کرد و ڕایگەیاند، ئەوا بڕیارێکی مەترسیدارە کە پۆلیسی فەڕەنسا لە هەمبەر ئازادی خۆپیشاندان دەریکردووە.

ڕابیتەکە ئاماژەی بەوەشداوە، سکاڵایەکی دژبە بەو بڕیارەی پۆلیس بۆ ئەنجوومەنی دەوڵەت کە بە باڵاترین دەسەڵاتی دادوەریی کارگێڕی لە فەڕەنسا دادەنرێت، بەرزکردووەتەوە.



جەفتەی داهاتوو دۆناڵد ترەمپ واژۆی لەسەر دەکات

ئەمەریکا بە فەرمی بەرزاییەکانی جۆلان بە خاکی ئیسرائیل دەناسێنێت

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ حەفتەی داهاتوو ئەو بەڵگەیە واژوو دەکات کە "سەروەری ئیسرائیل" لە بەرزاییەکانی جۆلان بە فەرمی دەناسێنێت.

کەناڵ 12ی ئیسرائیل لە هەواڵێکیدا باسی لەوە کرد کە ترەمپ لە کاتی سەردانەکەی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهو کە لە 26/25ی ئادار ئەنجامی دەدات ئەو بەڵگەیە واژۆ دەکات کە تیایدا ئەمەریکا "سەروەری ئیسرائیل" لە بەرزاییەکانی جۆلان دەناسێنێت.

لە هەواڵەکەدا باس لەوە کراوە بەرپرسانی کۆشکی سپی کاریان لەسەر ئەو بەڵگەیە کردووە کە بەرزاییەکانی جۆلانی سەربە سووریا وەک خاکی ئیسرائیل دەناسێنێت، ئاماژە بەوەیش کراوە کە ئەگەر ترەمپ ئەو بەڵگەیە واژوو بکات ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵبژاردنە پێشوەختیەکەی ئیسرائیل، کە نۆی نیسانی ئەمساڵ ئەنجام دەدرێت.

لەلایەکی دیکەوە ڕاگەیاندنی ئیسرائیل باس لەوە دەکەن کە هەرچەندە ترەمپ ماوەیەکی زۆرە بیری لە بڕیارەکەی سەبارەت بە بەرزاییەکانی جۆلان کردبێتەوە، بەڵام ئەو هەنگاوەی ناتانیاهو لە هەڵبژارنە پێشوەختەکەی وڵاتەکەیدا بەهێز دەکات.

لە چوارچێوەی سەردانە فەرمیەکەی بۆ واشنتۆن، ناتانیاهو لە 25ی ئادارا لە کۆشکی سپی لەگەڵ ترەمپ کۆدەبێتەوە و، 26ی ئادارِیش هەر لە کۆشکی سپی لە ئێوارە خوانێکدا لەگەڵ ترەمپ کۆدەبێتەوە.

بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا

داوای دەستلەکارکێشانەوەی تێریزا مەی دەکرێت



خەبات-مەریوان نەقشبەندی:

دۆسێی دەرچوون لەیەکێتی ئەورووپا کێشە و گوشاری زۆری لەسەر تێریزا مەی سەرەک وەزیرانی بەریتانیا دروست کردووە کە ڕەنگە دەستلەکارکێشانەوەی بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە یەکێک بێت لەئەگەرەکان.

دوای ئەوەی تێریزا مەی تووشی ئیحراجی و گوشارێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا بووەوە بەهۆی دواکەوتنی پرۆسەی جیابوونەوەی وڵاتەکەیان لەیەکێتی ئەورووپا لەلایەک و داواکاری ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی نوێ بۆ ئەو مەبەستە لەلایەکی تر.

ژمارەیەک لەپەرلەمانتارانی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا داوایان لەتێریزا مەی سەرەک وەزیران کردوە کە لەبەرامبەر دەستلەکارکێشانەوەی لەپۆستەکەی و بەشدارنەبوونی لەقۆناغی دووەمی گفتوگۆکانی دەرچوون لەیەکێتی ئەورووپا پشتیوانی پرۆژەکەی تێریزا مەی بکەن، بەڵام بەشێکی تر لە پەرلەمانتارانی بەریتانیا لە پارتی کرێکاران ئاماژە بۆ زەرورەتی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی دیکە و ڕاوەرگرتنی ئێستای خەڵکی بەریتانیا دەکەن و بەم هەنگاوانەی گفتوگۆکانی ئێستای جیابوونەوە لەیەکێتی ئەورووپا رازی نین، بۆیە زۆربەی ئەگەرەکان بۆ ئەوە دەچن کە تێریزا مەی سەرەک وەزیران لەپێناو دەنگدەرانی جیابوونەوە لەیەکێتی ئەورووپا قوربانی بەپۆستەکەی بدات و دەست لەکار بکێشێتەوە.

ریفۆرمخوازەکانی ئێران قسەی جیاوازیان هەیە

مستەفا تاجزادە:

با سەرکردەی وڵات لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت




سیاسەتمەداری ریفۆرمخوازی ئێرانی، مستەفا تاجزادە ڕایگەیاند، بۆ کۆتاییهاتن بە دوو سەرکردایەتیی وڵات، پێویستە بەرزترین پێگە کە سەرکردەی وڵاتە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت.

مستەفا تاجزادە لە هەڵمارێ خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەردەوە کاردانەوەی دژبە قسەکانی محەمەد حوسەین سەفەرهەردندی ئەندامی لیژنەی دەستنیشانکردنی بەڕێوەندییەکانی دەوڵەت نیشاندا کە گوتبووی: پێویستە سیستمی سەرکۆمارِی بۆ سیستمی پەرلەمانتاری بگۆڕدرێت و سەرکۆمار لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت. تاجزادە لەوبارەیەوە دەڵێت: با گەل سەرکردەی وڵات هەڵبژێرێت.

سیاسەتمەداری ریفۆرمخوازی ئێرانی، مستەفا تاجزادە وەبیریهێناوەتەوە کە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان لای کەسێک کۆنەبێتەوە و نەبێتە دیکتاتۆری، لەسەرەتای سالانی دەسەڵاتی شۆڕشەوە دەسەڵاتەکان بەسەر سەرکۆمار و سەرۆکوەزیراندا دابەشکراوە و نووسیویەتی: بەڵام ئەم دۆخە ئەو سوودەی نەبوو کە چاوەڕوان دەکرا. لەسەر ئەمە، بەگۆڕانکارییەک کە لە دەستووردا کرا، سەرۆکوەزیران و سەرکۆمار یەکخران.

مستەفا تاجزادە ئاماژەی بەوەداوە کە دوای مردنی سەرکردەی شۆڕشی ئێران، خومەینی لە 1989دا لە سەردەمی دەسەڵاتی عەلی خامنەیی-دا هەمان کێشە ڕوویداوە و هەڵبژاردنی سەرکۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە، ژمارەی هەڵبژاردنەکان کەم دەکاتەوە و ڕۆڵی گەل لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا کەم دەکاتەوە.



تایلەند.. یەکەم هەڵبژاردنی گشتی لەدوای کودەتای سەربازی لە ساڵی 2014، بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەنجامدرا

بەرزاییەکانی جۆلان... سەرهەڵدانی کێشەیەکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



بنیامین نەتانیاهۆ:

لە کاتێکدا ئێران دەیەوێت خاکی سووریا بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل بەکاربهێنێت، سەرۆک ترەمپ ددان بە سەروەریی ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جۆلاندا دەنێت، سوپاس سەرۆک ترەمپ



ڕەجەب تەیب ئەردۆگان:

بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلانەوە دەریکردووە، ئیسرائیل یەک تۆزقاڵ مافی بەسەر ئەوێیەوە نییە

یەکێتیی ئەورووپا: هیچ نیازێکمان نییە بەرزاییەکانی جۆلان بە خاکی ئیسرائیل بناسێنین و هەڵوێستمان بە نەگۆڕیی دەمێنێتەوە



ئا: ژانکۆ جاف - خەبات

دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا پێنجشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند کاتی ئەوە هاتووە دانبنرێت بە سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلاندا کە ئیسرائیل لە شەڕی 1967دا داگیریکرد. هاوکات لەکاردانەوەیەکدا سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند: بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلانەوە دەریکردووە، ئیسرائیل یەک تۆزقاڵ مافی بەسەر ئەوێیەوە نییە. لە وەڵامی ترەمپدا، بێنیامین نەتانیاهو سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە تویتێکدا نووسیویەتی: لە کاتێکدا ئێران دەیەوێت خاکی سووریا بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل بەکاربهێنێت، سەرۆک ترەمپ ددان بە سەروەریی ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جولاندا دەنێت، سوپاس سەرۆک ترەمپ.



ئاڵۆزییەکی دیکە

پێدەچێت ئەو هەڵوێستە نوێیەی دەربارەی بەرزاییەکانی جۆلان، پلانەکەی ترەمپ بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل ئاڵۆزتر بکات، کە ماوەیەکە جیهان چاوەڕوانی ڕاگەیاندنییەتی. لێرەدا چەند زانیارییەکی گرنگ لەسەر بەرزاییەکانی جۆلان دەخەینە ڕوو کە ڕووبەرەکەی 1202 کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو دەڕوانێت بەسەر لوبناندا دراوسێی ئوردنیشە.

گرنگیی بەرزاییەکانی جۆلان

بەرزاییەکانی جۆلان هەتا ساڵی 1967 بەشێک بوو لە سووریا، لەو ساڵەدا ئیسرائیل زۆرینەی ناوچەکەی لە شەڕی شەش ڕۆژەدا داگیرکرد و ساڵی 1981 کردیە بەشێک لەو وڵاتە، بەڵام تائێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی بەوەدا نەناوە و سوریاش بەردەوام داوای دەکاتەوە. سووریا لە شەڕی ساڵی 1973دا هەوڵیدا جۆلان بەدەستبهێنێتەوە، ئیسرائیلو سووریا ساڵی 1974 لەسەر ئاگربەست ڕێککەوتنو لەو کاتەوە نیمچە سەقامگیرییەک باڵی بەسەر جۆلاندا کێشاوە. سنووری سووریادا بوونی هەمیشەیی هەبێت، بۆئەوەی جۆلان و گەشتن لە ڕێککەوتنی ئاشتی دانوستانیان دەستپێکرد، بەڵام شکستیانهێناو نەگەیشتنە ڕێککەوتن.

گرنگی ناوچەکە بۆ ئیسرائیل

ئیسرائیل دەڵێت: جەنگی ناوخۆیی سووریا وای پێویست کردووە کە پارێزگاری لە جۆلان بکات، بەتایبەتی لە دوای داگیرکردنی جۆلان، ئیسرائیل زیاتر لە 40 هەزار کەس لە بەرزاییەکانی جۆلان دەژین کە زۆربەیان لە نیوەیان دورزیین، دورزییەکان کەمینەیەکی ئایینین لەناو سووریادا و بەشێکی زۆریان پشتیوانی ڕژێمی سووریان. دوای داگیرکردنی جۆلان، ئیسرائیل بژاردەی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی بەهێزکردنی ئیسلامی کە لەماوەیەکی کورتدا 2000 ئیسرائیل و سووریا دەربارەی چارەنووسی هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل. زۆری سەرچاوەی ئاو و بەپیتی خاکەکەی سوریاو ئیسرائیلی والیکردووە کە زۆر ئارەزووی جۆلان بکەن و دیمەشق جەختدەکاتەوە کە ئەو بەشەی جۆلان کە لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیرکراوە، خاکێکی داگیرکراوە داوای دەکاتەوە.

پێکهاتەی دانیشتوانی جۆلان



بەکات، بۆئەوەی بیێتە ناوچەیەکی دابڕێنراو لە نێوان شارۆچکەکانی ئیسرائیل و سووریای ئاڵۆزدا. هەروەها حکومەتی ئیسرائیل دەڵێت کە ترسی لە ئێرانی هاوپەیمانی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا هەیە کە هەوڵدەدات لەناو سووریادا بنکەی سەربازی بۆ خۆی دروستبکات و لە داهاتوودا ڕێگە بە ئێران بدات کە هێزی سەربازی لە سووریا دابمەزرێنێت کە ئەمەش هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل دەبینێت.

هێزی نەتەوەیەکگرتووەکان

هێزێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێریکردن و ڕێگەگرتن لە هەڵوێستی بە نەگۆڕیی دەمێنێتەوە.

هەڵوێستی تورکیا

لەکاردانەوەی تویتەکەی ترەمپدا، سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند: بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلانەوە دەریکردووە، ئیسرائیل یەک تۆزقاڵ مافی بەسەر ئەوێیەوە نییە. سەرۆکی گشتی ئاک پارتی و سەرکۆماری تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە میانی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە پارێزگای قۆنیا و لە وەڵامی سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ کە ڕایگەیاندبوو ئێستا کاتی ئەوەیە کە واشنتۆن دان بنێت بە سەروەریی ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلاندا، گوتی: زانینی میژوو کارێکی زۆر گرنگە، پێویستە لەسەر زانیارییەکانت لەبارەی میژووەوە قسە بکەیت، بەپێی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەبارەی بەرزاییەکانی جۆلانەوە دەریکردووە، ئیسرائیل یەک تۆزقاڵ مافی بەسەر ئەوێیەوە نییە. ئەردۆغان گوتیشی: لەبەر ئەم هۆکارە لە کۆبوونەوەی هەردوولا چەندین مەرجیان بەسەردا سەپێندراوە دەربارەی ژمارەی هێزەکانیانو جۆرو بڕی چەکەکانی کە هەیانە لەو ناوچەیەدا. لە ئێوان بەری ئیسرائیل و سووریای جۆلاندا، تەنها دەروازەیەک هەبوو کە هەتا بەرپابوونی شەڕی ناوخۆی سوریا لە ساڵی 2011 زۆربەی کات بۆ هاتوچۆی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەکی دیاریکراو لە دورزییەکان و گواستنەوە بەروبومی کشتوکاڵی بەکاردەهێنرا.



پێشوازیی ئیسرائیل

تویتێکی دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا، لە بارەی بەرزاییەکانی جولان، کە ناوچەیەکی کێشە لەسەری نێوان ئیسرائیل و سووریایە، دەنگدانەوەی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت. لە وەڵامی ترەمپدا، بێنیامین نەتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە تویتێکدا نووسیویەتی: "لە کاتێکدا ئێران دەیەوێت خاکی سووریا بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل بەکاربهێنێت، سەرۆک ترەمپ ددان بە سەروەریی ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جولاندا دەنێت، سوپاس سەرۆک ترەمپ. دووەمجارە دۆنالد ترەمپ هەنگاوی جیاواز لە بارەی ئیسرائیل دەنێت، پێشتریش بااڵیۆزخانەی ئەمەریکای لە تەلئەبیبەوە بۆ ئۆرشەلیم گواستەوە. هەر لەبارەی بڕیارەکەی دۆنالد ترەمپ، بەڕەسمی ئەکێتیی ئەورووپا هاتنە دەنگ و ڕایانگەیاند: یەکێتیی ئەورووپا هیچ نیازێکی نییە بەرزاییەکانی جۆلان بە خاکی ئیسرائیل بناسێنێت و هەوڵیانداوە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد بڕووخێنن لەبەری سوریا پارێزگا. قونەیتەریان کۆنترۆڵکردو ئەو چەکدارانەی هێزەکانی سوریایان ناچار بە کشانەوە کرد و هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشیان ناچارکرد هەندێک بنکەو بارەگایان چۆڵ بکەن، هەتا هاوینی 2018 ناوچەکە لەژێر دەسەاڵتی چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریادا بوو، بەاڵم هێزەکانی سوریا بە پاڵپشتی ڕوسیا شاری قونەیتەرەو ناوچەکانی دەوروبەریان کۆنترۆڵکردەوەو بەرێککەوتنێک چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنیان ناچارکرد ناوچەکە بەجێبهێڵن.

دابەشبوونی ناوچەیی جۆلان

هێزەکانی حکومەتی سوریا لەبەری سوریاوە دەروازەی قونەیتەریان بەدەستهێنایەوە و تشرینی یەکەمی 2018دەوە جارێکی تر دەروازەکە کرایەوەو هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش سەرقاڵی نۆژەنکردنەوەی ئەو بنکەو بارەگایانەیانن کە چەند ساڵێک لەمەوبەر ناچاربوون لێی بکشێنەوە. سەرەڕای ئەوەی ئیسرائیل ئاماژەی بەوەداوە کە تەگەرە ناخاتە بەردەم گەڕانەوەی سوپای سوریا بۆ قونەیترە، بەاڵم چەندین جار نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لەوەی کە ئەسەد پابەندی ئاگربەست نابێت، یان ڕێگە لە ئێرانی هاوپەیمانی یان حزبوڵای لوبنان دەدات لەو ناوچەدا باڵوببنەوە.

هێزی نەتەوەیەکگرتووەکان

هێزێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاودێریکردن و ڕێگەگرتن لە نیشتەجێکراون کە زۆربەیان لە بواری کشتوکاڵ و گەشتوگوزاردا کاردەکەن.

فەرمانڕەوایی جۆلان

ساڵی 2011 پێش بەرپابوونی قەیرانی سوریا، گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هێزەکانی ئیسرائیل و سوریا لەناوچەکەدا هەبوو، بەاڵم ساڵی 2014 چەندین چەکداری ئیسالمی کە شەڕی نێوان سوپای سووریاو ئیسرائیل لە ناوچەی نێوان بەری سوریاو ئیسرائیلی جۆلان جێگیربوون و چەندین خاڵی چاودێریان داناوەو چەند چاودێرێکی سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری ئاگربەستی نێوانیان دەکەن. لە نێوان سوپای سووریاو ئیسرئیلدا لە جۆلان ناوچەیەکی دابڕێنراو، هەروەها دامااڕاو لە چەک هەیەو ڕووبەرەکەی 400 کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو بە گوێرەی ڕێککەوتنی ئاگربەستی نێوان سووریاو ئیسرائیل ڕێگە بە هێزەکانی هیچ الیەک نادرێت بچنە ئەو ناوچەیە. بە گوێرەی ئەو ڕێککەوتنە کە 31ی ئایاری ساڵی 1974کراوە، هێڵی ئەلفا لە بەری خۆرئاوای ناوچە دابڕێنراوەکە کێشراوەو دەبێت هێزەکانی ئیسرائیل لە پشت ئەو هێڵەوە بن، هێڵی براڤۆش بە ئاراستەی خۆرهەاڵت کێشراوە کە دەبێت هێزەکانی سوریا لە پشتییەوە بن. هەروەها ناوچەیەکیش کە ڕووبەرەکەی 25 کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو دەکەوێتە پشتی ناوچە دابڕێنراوەکە هەیەو ڕێکخراوی هاریکاری ئیسالمی ڕامگەیاند و ئێستاش لێرە دووبارەی دەکەمەوە کە تا کۆتایی چاودێری دۆزی جۆلان دەکەین.

بۆچوونی بەریتانیا

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ڕایدەگەیەنێت، هێشتا بەریتانیا بەرزاییەکانی جۆلان بە خاکی سوریا دەناسێنێت، کە لەالیەن ئیسرائیلەوە داگیرکراوە، هاوکات وەزیری دادی تورکیا دەڵێت: شەرعییەتدان بەداگیرکاری جۆلان هیچ بەهایەکی یاسایی نییە. دوای ئەو لێدوانەی دۆنالد ترەمپ، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردوە، بەریتانیا بەو شێوەیە سەیری بەرزاییەکانی جۆلان دەکات، کە خاکێکە لەالیەن ئیسرائیلەوە داگیرکراوە. هەروەها ڕاشیگەیاندووە، بەهیچ شێوەیەک دان نانێن بە سەروەری ئیسرائیل بەسەر بەرزاییەکانی جۆلاندا، پالنیشیان نییە هەڵوێستییان لەوبارەیەوە بگۆڕن.



ئەمەریکا.. ئەنتۆنی گۆتێرێش سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکاتی سەردانی بۆ سەنتەری ڕۆشنبیریی ئیسلامی لە ویلایەتی مانهاتن، داوا دەکات ڕێوشوێنی توند بگیرێتە بەر بۆ پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی ئایین پەرستی

بەڕێرسی لقی دوو پیرۆزبایی لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەکات



بەبۆنەی 24 ساڵەی دامەزراندنی، بەڕێرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، پیرۆزبایی لە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دەکا و ئومێد دەکا بە یەکڕیزی و تەبایی ئەزموون و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزن.

ئێوارەی دوێنێ یەکشەمە 24ی ئاداری 2019 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەڕێرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری ئاریان سەلاحەدین و عزەت جەعفەر کارگێڕانی لق، سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن غەفور مەخموری سکرتێری گشتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسییەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو سەردانەدا بەڕێرسی لقی دوو پیرۆزبایی 24 ساڵەی دامەزراندنی لێکردن و ڕۆژلیانی بەرز نرخاند لە بەرگری کردن و پشتیوانی کردن لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان، پێشی وابوو بە یەک ڕیزی و تەبایی کوردستان دەستکەوتی زیاتر بەدەست دێنێ. هەر لەو سەردانەدا هەماهەنگی و تەبایی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان دووپات کرایەوە لە پێناو پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە خەڵکی کوردستان، بەتایبەتیش دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەموان چاوەڕوانی داهاتوویەکی پرشنگداری لێدەکەن بە تەواو کردنی کاروانی خزمەتگوزارییەکانی کابینەی پێشووتر.

پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا شاندەکێ پەیمانگەها ئێزدی یا ڤەکولینێن ئاینی و مێژویی ل روسیا کر

خەبات ـ دهوک:

ل کوچکا میهقانداریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا شاندەکێ پەیمانگەها ئێزدی یا ڤەکولینێن ئاینی ومێژویی ب سەروکاتیا (یوری رومانەڤیچ دەسنی) سەروکێ پەیمانگەها ناڤبری و (کیریلّ ڤالینتینە ڤێرتیاییڤ) مەزنە فەرمانبەر و لێکولینەرێ پشکا کوردی ل پەیمانگەها روژهەلات ناسی و (لانە مەجیدەڤنە رەڤەندە فادی)مەزنە فەرمانبەر و لێکولینەرێ پشکا کوردی ل پەیمانگەها روژهەلات ناسی و(دەریا ڤلادیمیرۆڤنە ژیگولسکایە) لێکولەر ل پەیمانگەها ئاسیا وئەفریقیا ل زانکویا موسکو یا حکومی کر.



دهەڤدیتنەکێدا بەحسێ پەیوەندییێن هەرێما کوردستانێ ل گەل پەیمانگەهێن ناڤبری وڕەوشا خەلکێ هەرێما کوردستانێ ب گشتی ویا کوردێن ئێزدی ب تایبەتی هاتە کرن.

سەروکێ شاندێ ناڤبری دیارکر کو ئەو هاتینە دا ژنێزیک ڕەوشا هەرێما کوردستانێ ببینن وچەند ڤەکولینێن زانستی ل سەر هەرێمێ ب گشتی ولسەر ئێزدیان وئاینێ ئێزدیان ئەنجامدەن.

پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانێ دیارکر وبەرهەڤیا سازیێن پارێزگەهێ نیشان دا بو هەر هەڤکاریەکێ دگەل شاندێ پەیمانگەهێن ناڤبری.

کەلار... کەسێک بە تۆمەتی دزینی شەش دەفتەر دۆلار دەستگیر کرا

گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان، ڕایگەیاند: دوای ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا و لە گەڕەکێکی شاری کەلار هاوولاتییەک لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی و لەپێش دەرگای مالّی خۆیان بڕی شەش دەفتەر دۆلاری لێ دزرا، دوای تۆمارکردنی سکالاّی ئەو هاوولاتییە، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون کرد، دوای وەرگرتنی زانیاریی ورد، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گەرمیان، ڕایگەیاند: دوای ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا و لە گەڕەکێکی شاری کەلار هاوولاتییەک لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی و لەپێش دەرگای مالّی خۆیان بڕی شەش دەفتەر دۆلاری لێ دزرا، دوای تۆمارکردنی سکالاّی ئەو هاوولاتییە، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون کرد، دوای وەرگرتنی زانیاریی ورد، مەفرەزەکانی پۆلیسی 104ی کەلار لەنێو بازاڕی کەلار کەسێکیان بەتۆمەتی دزینی پارەکە دەستگیر کرد.

گوتیشی: ئێستا تۆمەتبارەکە ڕەوانەی بەشی تۆمارکراوە.

هەروەسا گوت: د سێ ڕۆژێن جەژنا نەورۆزێ دا 14504 کەسان سەرا دەزگەهییێن ساخلەمێ داینە ژوانا ژی 405 نەخۆش هاتینە نقاندن و 32 رودانێن ترۆمبێلان ژی ل ساخلەمێ هاتینە تومارکرن د ئەنجامدا ژی 38 کەس برینداربوونە ودوو کەس مرینە ئەوژی زارۆکەک ل قەزا ئاکرێ و کەسەکێ 55سالیی ل ئامێدیێ وهەشت حالەتێن شەرچوونێ دروست بوونە.

هەروەها هاتوچۆی گەرمیان، کەمبوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆی لە ڕۆژانی جەژنی نەورۆزدا ڕاگەیاند، کە تەنیا 2 ڕووداوی هاتوچۆ تۆمارکراوە و بەو هۆیەوە نەهێشتی تاوانی گەرمیان کراوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بەردەوامە، بەپێی مادەی 446ی یاسای سزادانی عێراقی و بە بڕیاری دادوەر بەند کراوە.

لە 13 شوێنی کوردستان زیاتر لە هەزار ملیم باران باریوە

بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بومەلەرزانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند لەمسالّدا لە 13 شوێنی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەزار ملیم باران باریوە و زۆرترین بارانبارینی ئەمسالّ و ڕۆژی ڕابردووش، لە قەزای مێرگەسۆر بووە.

لە 24 کاتژمێری ڕابردوو لە مێرگەسۆر 20ملیم باران باریوە، کۆی گشتیی ئەمسالّی بارانبارین لەو قەزایەی پارێزگای هەولێر گەیشتووەتە زیاتر لە هەزار و 789ملیم.

فازلّ ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی و بومەلەرزانی هەرێمی کوردستان بە ڕووداوی ڕاگەیاندوە: لە 13شوێنی هەرێمی کوردستان، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 1000ملم باران باریوە کە بەم جۆرەیە: مێرگەسۆر 1789.6ملیم، دینارتە 1555.6ملیم، بجیل 1343ملیم، پێنجوێن 1289.5ملیم، هیران 1286.5ملیم، ڕانیە 1216 ملیم، سەرکەپکان 1178.1 ملیم، بارزان 1170.6ملیم ، دەربەندیخان 1099ملیم، ئامێدی 1091.6ملیم، قەڵادزێ 1052.9ملیم، ئاکرێ 1052.8ملیم، بیارە 1017ملم

بارانبارین لە شارە سەرەکییەکان تاوەکو 23-3-2019بەمجۆرە بووە:

هەولێر 621ملیم، سلێمانی 932ملیم، دهۆک 866.9ملیم، کەرکووک 369.8ملیم ، هەڵەبجە 832.9ملیم.

کۆی گشتی بارانبارینی هەموو ساڵی ڕابردووش لە شارە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بووە:

سلێمانی 836.6 ملیم، هەڵەبجە 535.6ملیم ، دهۆک 520.7ملیم، هەولێر 437.6ملیم ، کەرکووک 279.5ملیم.

قایمقامیەتی ناوەندی هەولێر:

بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخ لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری دایە



نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر ڕای دەگەیەنێت، لێژنەکانی قایمقامییەت بەردەوام چاودێری جوولّەی بازاڕ دەکەن و سەرپێچیکاران سزا دەدرێن.

نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ڕایگەیاند: نرخی شتومەکەکان گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە و لێژنەکانی چاودێری بازرگانی ڕۆژانە دەرچوونیان هەیە و سەردانی شوێنەکان دەکەن.

ئەوەی خستە ڕوو کە بازرگانەکان ئاگادار کراونەتەوە و لە ئەگەر پابەندنەبوونیان ئەوا لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت.

قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر سەبارەت بە بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت بۆ باسنیوز ئاماژەی بەوە دا: نرخی گشتی سوور لە زۆر شوێن کەمی کردووە، بەڵام گۆشتی مریشکی زیندوو هەر مانگێک نرخێکە لەبەر ئەوەی ڕەوانەی شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق دەکرێن.

ئاماری ڕووداوەکانی هەرسێ ڕۆژی نەورۆز ڕاگەیاندرا

ڕاپۆرت ـ سەید فاتیح بەرزنجی/سەبریە یوسف:

فاخیر کرمانجی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی تەندروستی هەولێر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە: هەموو ساڵێک بەر لە هاتنی جەژنی نەورۆز پلان و بەرنامە بۆ ئێشککگرتنی دەوامی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی لە نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان دادەنرێت.

بۆ جەژنی نەورۆزی ئەمساڵیش لە هەر سێ ڕۆژانی نەورۆز بەپێی ئەو ئاماڕەی کە تۆمارکراوە 160 حاڵەتی برینداربوون بە ڕووداوە جیاجیاکانی وەکو شەڕ و گوللە و ڕووداوی هاتوچۆ و کەوتنەخوارەوە تۆمارکراوە و ڕێژەی سەردانی کردن بۆلای نەخۆشانی ناو نەخۆشخانەکان کەمتربووە لە ڕۆژانی نەورۆز و بڕیتی بوو لە 13 هەزار کەس و بە هۆی 64 ڕووداوەکانی هاتوچۆ کەس برینداربوونە و ژمارەی کەوتنەخوارەوەش بڕیتیبووە لە 65 کەس و 26 ڕووداوی بریندارێ کۆمەڵایەتی و شەڕکردن و 12 حاڵەتی سوتان و 14 حاڵەتی ژەهراوی بوون بە خۆراک هەبووە، لەگەڵ 426 حاڵەتی سکچوون و ڕشانەوەو پێنج ڕووداوی گوللە هەبووەو لەنەخۆشخانەکانیش79 نەشتەرگەری گەورەو 261 نەشتەرگەری بچوکیش ئەنجامدراوەوژمارەی لەدایک بوونیش بریتی بوو لە 209 منداڵیش لە هەرسێ ڕۆژی نەورۆزلەدایک بووە.

هەروەها بەڕێرسێ پشکا ڕاگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو د نەورۆزێ دا 201 زارۆک ژدایکبوونە ژوانا ژی 119 کور و 82 کچ بوونە و 19 حاڵەتێن ژ جهێن بلند کەڤتنێ ژی هاتینە تۆمارکرن و 81 حاڵەتێن سوتنێ ژوانا ژی پێنج حالەتێن سووتنێ ل نەخۆشخانێ هاتینە نقاندن و پێنج کەس ب یاریێن ئاگری برینداربوونە و دوو کەس ژی ب گولەیێن ئاگری برینداربوونە ومرن ژی ب ڕەنگەکی گشتی 20 کەس مرینە ژوانا ژی چار زارۆک و 16 کەس ژی ژ ئەگەری جەلتەیێن دلی ومێشکی ونەخۆشیێن دی یێن جۆرە و جۆرە بووینە.

هەروەسا گوت: د سێ ڕۆژێن جەژنا نەورۆزێ دا 14504 کەسان سەرا دەزگەهییێن ساخلەمیێ داینە ژوانا ژی 405 نەخۆش هاتینە نقاندن و 32 رودانێن ترۆمبێلان ژی ل ساخلەمیێ هاتینە تومارکرن د ئەنجامدا ژی 38 کەس برینداربوونە ودوو کەس مرینە ئەوژی زارۆکەک ل قەزا ئاکرێ و کەسەکێ 55سالیی ل ئامێدیێ وهەشت حالەتێن شەرچوونێ دروست بوونە.

هەروەها هاتوچۆی گەرمیان، کەمبوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆی لە ڕۆژانی جەژنی نەورۆزدا ڕاگەیاند، کە تەنیا 2 ڕووداوی هاتوچۆ تۆمارکراوە و بەو هۆیەوە ساخلەمیی هاتینە ڤەگوهاستن و 224 کەس ژی ل میحوەری ناوەڕان باشیک قەستا تیمێن ساخلەمیی کرینە و تیمێن زیرەڤانیا ساخلەمیێ سێ جە سزادانە.

حەمزە ڕەزیکی، بەڕێرسێ پشکا ڕاگەهاندنێ ل ڕێڤەبەریا گشتی ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو د نەورۆزێ دا 201 زارۆک ژدایکبوونە ژوانا ژی 119 کور و 82 کچ بوونە و 19 حاڵەتێن ژ جهێن بلند کەڤتنێ ژی هاتینە تۆمارکرن و 81 حاڵەتێن سوتنێ ژوانا ژی پێنج حالەتێن سووتنێ ل نەخۆشخانێ هاتینە نقاندن و پێنج کەس ب یاریێن ئاگری برینداربوونە و دوو کەس ژی ب گولەیێن ئاگری



بریندارکراوە و بەو هۆیەوە هاوکات تەندروستی گەرمیان تۆمارکردنی 45 حاڵەتی جۆراوجۆری تەندروستی لە مەڵبەندێکی تەندروستی نزیک بە شوێنی گەشتیارانی تۆمارکردوە.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لەماوەی ڕۆژانی نەورۆزدا ڕوون کراوەتەوە 3 حاڵەتی پێوەدانی دووپشک و 3 حاڵەتی خواردنەوەی نەوت بەهەڵە و 5 حاڵەتی سەرشکان و 5 حاڵەتی سک ئێشە و ڕشانەوە بووە و 2 حاڵەتی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و 12 حاڵەتی کۆکە و هەڵامەت بووە و 13 تریش لەحاڵەتەکانی تری تەندروستی بووە.

www.xebat.net
دووشەممە 2019/3/25 ژمارە (5715)
خەبات

بەهۆی سەرپێچییەوە
چەند دوکانێکی گۆشتفرۆش داخران



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
ئەنوەر کەمال کارگێڕی لیژنەی قایمقامیەتی هەولێر ڕوونیکردەوە: لەچوارچێوەی سەردانیکردنی تیمەکانی سەر بەقایمقامیەتی هەولێر لە گەڕەکی 121ی گوڵان بەهۆی سەرپێچیکردنیان بە سەربڕینی ئاژەڵ لە بەردەمی دوکانەکانیان و دوور لە ڕێنماییەکانی تەندروستی، بەهاوکاری پۆلیسی شارەوانی دووکانی ئەو گۆشتفرۆشانە داخران.
جێگەی ئاماژەیە لەلایەن قایمقامیەتەوە لیژنەی هەمیشەیی دانراوە بۆ چاودێریکردنی بازاڕ و ڕۆژانە ئەو لیژنەیە چاودێری بازاڕ دەکات تا نرخی کاڵاکان گران نەبێت و هەرکەسێک سکاڵای هەبوو لە دوکاندار و کاسبکاران و بازرگانان دەتوانێ پەیوەندی بە لیژنەکانی قایمقامیەتەوە بکات.

پۆلیسێن دهۆکێ:
7 کەس ژبەر تەقێ ییێن خوشیێ هاتینە دەستەسەرکرن

ریڤەبەریا پولیسێن پاریزگەها دهۆکێ دەستەسەرکرنا 7 کەسان ژبەر تەقێ ییێن خوشی جەژنا نەورۆزێ دا راگەهاند د جەژنا نەورۆزێ دا دوو خیزان سەرا جهێ سەیرانی بشەرچووینە.
هێمن سلێمان، بەرپرسێ راگەهاندنێ ل ریڤەبەریا پولیسێن پاریزگەها دهۆکێ دپرێس کۆنفرانسەکێ دا 2019/3/24ل بارەگایی پولیسیان دیارکر: ل قەزا شێخان دوو خیزان سەرا جهێ سەیرانێ ب شەرچووینە ڤان هەردوو خیزانا ئێکدو بریندارکریە دووڤ بریارا دادوەری ل قەزا شێخان پولیسیان 5



کەس ژ هەردوو خیزانا دەستەسەرکرینە هەروەسا ژی ل جەژنا نەورۆزێ هندەک کەسان تەقە کرن پولیسیان شیا 7 کەسان ژبەر تەقێ ییێن خوشی دەستەسەربکەن ژوانا ژی شەش کەس ل چیایی زاوا سنۆرێ دهۆک هاتنە گرتن و کەسەک ژی ل قەزا ئاکری ژبەر تەقێ هاتیە دەستەسەرکرن دووڤ بریارا داوەری نها دگرتی نە.
خۆیا ژی کر: چوو تاوانییێن مەزن جەژنا نەورۆزێ دا ل پاریزگەها دهۆکێ نەهاتینە ئەنجامدان هەروەسا ژی چوو رووداندییێن دلتەزین ژی نەهاتینە ئەنجامدان و هەموو ئەفسەر وپولیسێن دهۆکێ جەژنا نەورۆزێ دا ئامادەباشیی دابوون وپلانەکا باش هاتبوو دانان بسەرکەفتیانە پلان هاتە بجە ئێنان.

هەولێر... ژمارەیەک زەوی کارت تاپۆ دەکرێت

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:
ئەندازیار سامان محەمەد بڵباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر ڕوونیکردەوە: لە چوارچێوەی کاری تاپۆکردنی زەویە کارتەکان، لەم ڕۆژانەی دواییدا توانرا کار بۆ گۆڕینی ژمارەیەک زەوی کارت بکرێت بۆ سەندە.
سەرۆکی شارەوانی هەولێر گوتیشی: پرۆسەکە بۆ بەشێک لە زەویە جیاکراوەکانی کەرتی کەرک کە سێ هەزار و 209 پارچە زەویە و هەر هاووڵاتییەک کە خاوەن زەویە لە جیاکراوەکانی کەرک - یەک دەتوانێ سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بکات بۆ ڕاییکردنی کارەکانی و هاووڵاتییانیش دڵنیا دەکەینەوە کە شارەانی هەولێر بەردەوامە لە تاپۆکردنی زەویە کارتەکان و پارسانیش ژمارەیەکی زۆری زەوی کارت لەلایەن ئێمەوە کراونەتە تاپۆ.

هەزاران ناونیشان لە بواری جیاوازەکاندا لە خۆ دەگرێت
گەورەترین پێشانگای کتێب لە هەولێر دەکرێتەوە



بڕیارە لە مانگی نیسانی دابێ چواردەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ کتێب لە شاری هەولێر بکرێتەوە، کە سااڵنە ئەو پێشانگا نێودەوڵەتیە لەلایەن خانەی ئەلمەدا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە دەکرێتەوە کە ئەمساڵ دەبێتە چواردەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ کتێب.
عەبدوڵا عەبدوڵرەحیم گوتیشی، لە پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ کتێب دەیان هەزار ناونیشان لەلایەن ژمارەیەک خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوخۆ و دەرەوە نمایش دەکرێن و چەند ڕۆژێک دەخایەنێت.
ڕۆژی 2018/10/10 سێزدەهەمین پێشنگای نێودەوڵەتی بۆ کتێب لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو تێدا 500 هەزار ناونیشان لەلایەن 300 خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە نمایشکران کە لەسیانزدە وڵاتانی جیهانەوە بەشداریان هەبوو.

سەنتەری جێندەرناسی لە سەرجەم زانکۆکانی هەرێم دەکرێتەوە



سەنتەری جێندەرناسی لە سەرجەم زانکۆکانی هەرێم دەکرێتەوە وبابەتی جێندەرناسیش دەخوێندرێت.
دوێنێ یەکشەمە ڕێکەوتی 2019/3/24 لە وۆرکشۆپێکدا د. خەتاب ئەحمەد مستەفا، نوێنەری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بەناوی د.یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رایگەیاند: دوای پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسێک لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕاسپاردەکان کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە، لەچوارچێوەیەشدا بڕیاری کردنەوەی سێنتەرەکانی جێندەرناسی لە زانکۆکان درا.
هەروەها گوتیشی: هاوکات بڕیاری خوێندنی بابەتەکانی جێندەرناسی لە زانکۆکان دەرکرا.
هەر لەو وۆرکشۆپەدا گفتوگۆ لەبارەی کارەکانی داهاتوی سێنتەرەکانی جێندەرناسی لە زانکۆکانی کوردستان کرا و نەخشەڕێی کاری داهاتوو و چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی بابەتی جێندەرناسی گفتوگۆیان لەبارەوە کرا و چەند پێشنیازێک بۆ ئەو بابەتانە گەاڵڵە کران.

بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت لە هەڵەبجە کرایەوە





کردنەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە چوارچێوەی هەوڵەکانی هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دێت بۆ دامەزراندن و کردنەوەی هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان لە دوای بە پاریزگاکردنی شارەکەوە.
پاریزگاری هەڵەبجە، ئازاد تۆفیق لەو بارەیەوە ڕایگەیاند، فەرمانی ڕەسمی بۆ کردنەوەی تەواوی بەڕێوەبەرایەتییەکان دەرچووە بەتایبەت ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی هاوبەشن لەنێوان هەردوو حکوومەتی ناوەندی عێراق و هەرێمی کوردستاندا و لە میانی چەند مانگی داهاتوودا ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی تریش دەکرێنەوە.
ئازاد تۆفیق دوای کردنەوەی باڵەخانەی پاسپۆرتی هەڵەبجە و لە لێدوانێکیدا بۆ ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکە گوتی: دوای کردنەوەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە ئەمڕۆوە دەستکرا بە دەرهێنانی پاسپۆرت بۆ دانیشتوانی ئەم پاریزگایە و چیتر پێویست بەوە ناکات بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت سەردانی سلێمانی بکەن.
لە لای خۆیەوە بەڕێوەبەری گشتی کاروباری پاسپۆرت لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ئەحمەد عەبدولستار گوتی: دوای تەواوکردنی ڕێوشوێنەکان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراق و وەرگرتنی ڕەزامەندی، پاسپۆرتی هەڵەبجە کرایەوە تاوەکو کارئاسانی بکرێت بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت بۆ هاووڵاتییان لە شوێنەکانی خۆیان.
هەڵەبجە لە ساڵی 2014 فەرمانی بە پاریزگاکردنی بۆ دەرچووە، تا ئێستا چەندین بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە شارەکە کراونەتەوە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی تریش لە هەولێ کردنەوەیاندان، بۆ یەکەمجاریشە بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت لەو شارە دەکرێتەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

هەڤاڵی بەرێز کاک بلند ئیسماعیل
بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خوشکی بەرێزتان، خاتوو (عەتیە ئیسماعیل)مان پێگەیشت.
بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی خۆمان و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتیمانەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاڕاستەی بەرێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم و کەسوکارتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لە خوای گەورە داواکارین دوا خەمی خانەوادەکەتان بێت و سەبر و ئارامی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردووبش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

سۆران.. دوو کەس بە بڕێک مادەی هۆشبەرەوە دەستگیر کران

هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سۆران، هۆبەی بازگەکان، ئافرەت و پیاوێکیان، بە بڕێک مادەی هۆشبەر دەستگیر کرد. بەپێی هەواڵێکی مالپەڕی بنکەی نەهێشتنی مادەی هۆشبەرەکانی سۆران، ئەوە خراوەتە ڕوو، هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سۆران، هۆبەی بازگەکان، دوای پشکنینێ ئۆتۆمبێلەکەیان، توانیان دوو کەس دەستگیر بکەن، کە بریتیبوون لە ئافرەت و پیاوێک، بە بڕی 255 دووسەد و پەنجا و پێنج گرام مادەی هۆشبەر جۆری شیشە، کە خەڵکی دەروەوی سنووری سۆران بوون و بەنیاز بوون سەردانی سەنتەری سۆران بکەن. ئاماژە بەوەش کراوە، تۆمەتبارەکان دانیان بەوەدا ناوە کە ئاڵوەدی مادەی هۆشبەرن و بەنیازبوون ئەم بڕە مادەی هۆشبەرە لە سۆران بلاو بکەنەوە.

لە سالّیادی لە دایکبوونی بارزانی نەمردا
کەرکووک یەک کوردیشی تێدا نەمێنێت هەر کوردستانە



وەیسی سەعید وەیسی

ئەم وتەیەی سەرەوە تەنها وتەیەکی ئاسایی نییە بۆ هیچ موزایەدەیەکی سیاسی و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن نییە بەڵکو ئەمە تێڕوانینی دیارترین سەرکردەی مێژووی گەلی کوردستانە کە ئامادە نەبوو دەست لە کوردستانی بوونی شاری کەرکووک هەڵبگرێت تا سەرەنجام گەورەترین شۆڕشی کردە قوربانی لەم پێناوەدا، بۆیە سالّیادی لە دایک بوونی سەرکردەی نەمر (مەلا مستەفا بارزانی) یم بە دەرفەت زانی تا بە کورتی ئاماژەیەکی خێرا بۆ پێگەی کەرکووک بکەم لە تێڕوانینی بارزانی نەمردا، چونکە سالّیادەکە هاوکاتە لەگەڵ ڕەوشی نالەباری شاری کەرکووک کە بە داخەوە بەهۆی خیانەتە ڕەشەکەی (١٦ ئۆکتۆبەر) دوو چاری بووە کە ئەمەش ناخی هەموو کوردێکی خاوەن هەڵوێستی هەژاندووە کە چۆن وا بە خێرایی تەنها لەبەر بەرژەوەندیی گیرفانی چەند کەسێک وا هەرزان فرۆش کراوە و بەرژەوەندیی خۆیان خستە پێش بەرژەوەندیی خەڵک و خاکی کوردستان، چونکە لەگەڵ ئەمەشدا کەوا زۆر بە ئاسانی دەستبەرداری شارەکە بوون و هەرزان فرۆشیان کرد کەچی لێرە و لەوێش دەیانویست راستییەکان بشێوێنن و بە دروشمی گەورە و بریقەدار خیانەتەکەیان پەردە پۆش بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دڵنیام خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری کەرکووک بە تایبەتی چاک ڕاستییەکان دەزانن کە چۆن بارزانی نەمر لە دەستپێکی ڕابەرایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان داکۆکی لەسەر کوردستانی بوونی (کەرکووک) کردووە بەجۆرێک کە هیچ کات ئامادە نەبووە سازشی لەسەر بکات. بۆیەش بارزانی نەمر کەرکووکی کردۆتە ڕەمزێک کە لە یادەوەری تاکی کوردادا وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی سەیر دەکرێت تەنانەت خاڵی بەیەک نەگەیشتنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و ڕژێمی ئەو سای عێراق بە ڕێکەوتنێک مەسەلەی کوردستانی بوونی کەرکووک بووە کە بارزانی نەمر ڕێگای نەدا بەهیچ شێوەیەک سازش و موزایەدە لەسەر کەرکووک بکرێت، تەنانەت سەرۆک مەسعود بارزانی لەپەرتووکە مێژوویەکەدا(بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد)لەبەرگی سێیەم بەشی دووەم لە لاپەرە 39دا، باس لەڕووداوێک دەکات لەسەروبەندی مۆرکردنی ڕێکەوتنامە مێژوویەکەی 11ئادار کە وەفدی حکومەتی عیراق لە کاتی گفتوگۆکانیاندا پرسیاریان لە مەڵا پرسی شاری کەرکووک کرد کە ئایە سەربەچ لایەکە، وەفدەکە گوتیان (کێ دەڵێ کەرکووک کوردستان نییە)، لەم دانیشتنەدا بارزانی نەمر زۆر بەتوندیەوە بەرپەرچی وەفدەکەی دایەوە و پێی گوتن: " من دەڵێم کەرکووک کوردستانە، خۆ لەوە بپارێزن بلێن کوردستان نییە بەڵکو بڵێن ئێمە کەرکووکمان داگیرکردوە، هەتا تاکە کوردێکش لە کەرکووک بمێنێت کەرکووک کوردستانە و زۆرباش بزانن کە هیچ کات دەستبەرداری نابین". تەنانەت سەرۆک بارزانی باس لەوە دەکات کە زۆری نەمابوو بە هۆی ئەم هەڵوێستەیە تونەدی بارزانی نەمر دانیشتنەکە بەیەکجاری تێک بچێت کە لە دوایشدا ڕژێم لەسەر هەڵوێستی خۆی بەردەوام بوو، تەنانەت ویستی لە ڕێگای دەستکەوتی جۆراوجۆر بارزانیی نەمر رازی بکات تادەستبەرداری کوردستانییەتی کەرکووک بێت، بەڵام نەک تەنها ئامادەنەبوو دەستبەرداری بێت، بەڵکو سەرئەنجام شۆرشی ئەیلوولی لەم پێناوەدا کردە قوربانی، چونکە لە تێڕوانینی بارزانیی نەمر چۆن مرۆڤ ناتوانێت بەبێ دڵ بڕێت ئاواش گەلی کورد ناتوانن بەبێ کەرکووک بژین کە تا بەئەمرۆش دەگات ئەم کاریگەرییە لەسەرهەستی تاکی کورد هەر ماوە هەرچەندە بۆماوەی زیاترلە 17مانگە دەچێت بەهۆی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر کەرکووک داگیرکراوە، بەڵام بۆ هەتاهەتایە گەر یەک کوردیشی تێدا بمێنێت کەرکووک هەر بە کوردستان دەمێنێتەوە و هیچ هێز و لایەنێک ناتوانێ بەزەبری چەک وتەعریب کردن کەرکووک بکات بەهی خۆی و سازشی لەسەر ناکرێت. ماوەتەوە بڵێین هەموو ئەوانەش کە دەستیان لە خیانەتە ڕەشەکەی 16ی ئۆکتۆبەر هەبوو، مێژوویەکی ڕەشیان بۆ خۆیان تۆمار کرد و دەبێ باجی خیانەتەکەیان بدەن، چونکە هیچ کات مێژوو ڕەحمی بە هیچ کەس و لایەنێک نەکردووە کە خیانەتیان لەگەڵ خاکەکەی کردووە، ئۆبالّی هەموو نەهامەتییەکانیش کە بەسەر کەرکووکدا هاتووە لە ئەستۆی ئەوان دایە.

سلاّو و دروود لە گیانی پاکی بارزانیی نەمر کە ناسنامەی گەلی کوردستانە
سلاّو لە کەرکووکی دڵی کوردستان



کاریزما لە مێژووی گەلاندا
بارزانی وەک نموونەی کوردستانی

فارس نەورۆڵی

کاریزما کییە، کەی دروست دەبێت؟ ڕۆڵی لەمێژوودا چییە؟ ڕای ببرمەندان لەسەر کاریزما چییە؟ بۆچی بارزانی نمونەی کاریزمای کوردییە؟ کاریزما ئەو خەسڵەتەیە کەلە مرۆڤ هەڵکەوتووە و دەرکەوتووە، قارەمانێکە مێژوو دروست دەکات و جوڵەبەمێژوو دەکات، لەژیانی ئابوری و سەربازی و کومەڵایەتیی گەلاندا گەمەکەرێکی سەرەکی بەڕێوەبردنی گەمەکانی مێژووە کە ئاراستەی مێژوو دەکات.

کاریزما لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، بەواتای بەخشیشی خودایی یان گەورەیی دێت کەنیسەی مەسیحی ئەم زاراوەیەی تایبەت کرد بەوکەسانەی کەتوانای نائاسایی و لەڕادەبەدەربان هەبووە وەک پەیامبەران و ئەوانەی کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر خەڵک بۆ گۆڕانی قۆناغێک بۆ قۆناغێکی باشتر ، لەلای یۆنانییەکان داستانەکانی ئەلیاده و ئۆدیسەی هۆمیرۆس وەک نمونەیەکی باڵای کاریزما یاخود قارەمان دەبینرێت، ئەم داستانە نەک تەنها کاریگەری لەسەر فکری یۆنانی هەبوە بەڵکو کاریگەری لەسەر فیکری مرۆڤایەتی بەگشتی داناوەئەخیل بوو بەو تاکە مرۆڤە کاریزمایەی کە دەتوانێت سەرکردایەتی جەنگەکان بکات و ڕێرەوی مێژووش بگۆڕێت ، کاریزما لەو ژینگە و وڵاتانەدا دروست دەبن کە چەوسانەوە و ناداپەروەری و داگیرکاری وڵاتێک یاخود میللەتێک هەراسان دەکات لێرەوەکەسی کاریزما دەردەکەوێت بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکەی لەو ستەم و چەوسانەوەی کەبەسەریان سەپێنراوە وە دەبێتە سمبول و فریادڕەس هەر بۆیە بیرمەندان و فەیلەسوفە گەورەکان قسەی خۆیان لەسەر کاریزما هەیەلەم بارەیەوە تۆکیدیس (460-395) پ.ز خاوەنی کتێبی جەنگی پلوپۆنیز ڕۆڵی مرۆڤەمەزن و قارەمانەکانی لەدروستکردنی مێژوودا ڕونکردۆتەوە، ئەم مێژوو نوسەڕوای وایەئەوەکاری کاریزما و قارەمانەکانە بوێری و ئازایەتی ئەوانە کە لەمێژودا ڕوداوی مێژوویی گەورە دەخوڵقێنن توانای ئەوانە وەک کاریزما بوونەتە هۆی گۆڕینی ڕێڕەوی مێژووی مرۆڤایەتی لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە ، لەهەمانکاتدا فەیلەسوفێکی وەک سوقرات سەرسام دەبێت بەڕۆڵی کاریزما و سەرسوڕمانی خۆی بۆ سەرکردەی یۆنانی (پریکلیس) نەشاردۆتەوە، پریکلیس لەمەزنترین سیاسی و جەنگاوەرەکانی یۆنانی کۆن بووە، گوتارێژێکی کارامە و جەنگاوەرێکی ئازا و سەرکەوت و بووە و لەسەرکەوتندا لێبوردەبووە بۆیە سوکرات بڕوای وابوو کەپریکلیس لەسەرکردە باڵاکانی نێو مێژووی کاریزماکانی جیهانە کە توانیویەتی لەکۆکردنەوەی فکر و کردار و سەرکردایەتی کردندا سەرکەوتو بێت لەلایەکی دیکەوە زانای سۆسیۆلۆژی ئەڵمانی ماکس ڤیبەر (١٨٦٤-١٩٢٠) هەوڵی داوەڕەوتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەپێی دوو چەمکی بنەڕەتی کاریزما بوون و دیموکراسی بوون شرۆڤەبکات ڤیبەر بڕوای وایە کە مێژوو لەسەر جوڵەیەکی بەردەوام و هێڵێکی ڕاست بەردەوام نابێت بەڵکو لەهەندێ قۆناغ و ماوەی نا ئاساییدا جۆڵەی هێواش و پلەبەپلەکانی مێژوو تێدەپەڕێنێت و تێیدا پاڵەوانی بلیمەت دەردەکەوێت کەلەژێر چاودێری یەزدانییدا بۆ گەلەکەیان نێردراون، ڤیبەر زۆربەی ڕەگەزەکانی فەلسەفەی مێژوی لەعەقڵانیەت ودەرگرتووە چونکە پێی وایە دورکەوتنەوە لەعەقڵانییەت دەبێتە هۆی دارمان ئەم گواستنەوەش دەگێڕێتەوە بۆ چەندین تۆێژی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیران و پەیامبەران و پێشەوایان و فەیلەسوفان، بەڵام ڕەگەزی فەلسەفی سەرەکی بۆ ستراکچەری مێژوو لای ماکس ڤیبەر لەسەر هاوسەنگی نێوان جوڵەی کاریزمایی دامەزراوەلایەکی دیکەوە هێگڵ لەوانەکانی فەلسەفەی مێژووەدا جەخت لەسەر کاریزما یاخود دروستکەری مێژو دەکاتەوە بڕوای وایە کاریزما ئامرازێکە بەدەست ڕۆحی گشتیەوە لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانیاندا واتا ئەو کەسانەی توانیویانە بەرژەوەندی گشتی بخەنە سەروی تایبەتیەوە و ببنە بەرجەستەکاری ڕۆحی نەتەوە لەدیدی هیگڵەوە ناوداراني مێژو ئەو کەسانەن کە ئەو پرنسیپە گشتیە لەئامانجەکانیاندا بوونی هەیە بەڕای هیگڵ قەیسەرو ئەسکەندەر و ناپلیۆن لەبنەڕەتدا سەربەدونیای ئەو کەسانەن ئەوانەن وێنەی نەتەوە لەخۆیاندا بەرجەستە دەکەن بەئامانجی گەشتن بەپلەی بالاتر لەئازادی سەربەخۆیی کاردەکەن بۆ خستنەگەڕی ئەو وزە و هێزە پێویستەی لەگەڵەکانیاندا بونی هەیە بۆ ئامانجەباڵاکان بڕیە کاریزما خەسڵەتی کەسانێکن کە بەهۆیەوە مێژوو گوزارشتی لێ دەکات، کاریزماکان گوزارشت لەڕۆحی سەردەمەکانی خۆیان دەکەن لای هیگڵ پیاوی مەزن دوای ڕووداوەکان دەردەکەوێن، واتا کاتێک سەردەمە مەزنەکە داوایان لێدەکات ئەوان خۆیانی لەگەڵدا دەگونجێنن، سەردەمی مەزن بریتیە لەو ماوە ئینتیقالییەی کە دەیەوێ ڕەگەزی مرۆیی لەئاستێکی لەئاستەکانی ئازادی و ڕێکخستنی سەربەخۆیی بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی دیکە. هیگڵ دەیەوێت لەبۆچونەکانیدا ئەوە بڵێت کەقەیسەر و ئەسکەندەر و ناپلیۆن ئازادانە لەبەردەم هەڵبژاردندا نەبوون بەڵکو ئەوە لۆژیک و سەردەمەکەیان بوو پێویستی پێیان هەبووە و داوای کارەکانی ئەوانی کردووە. لێرەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە بۆچی مستەفا بارزانی نمونەی کاریزمای کوردستانیە؟ بەپشتبەستن بەم ڕاوبۆچوونەی کە بیرمەندان لەسەر کاریزما هەیانبووە دەتوانین ژیانی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵاتی بارزانی وەک کاریزمایەک بخوێنینەوە و وەک چۆن بیرمەندانی گەلانی تر ڕایان لەسەر کاریزمای خۆیان هەبووە لای ئێمەش هەژار موکریانی نمونەیەکی بەرزە کەکاریزمای بارزانی لەشیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە.

کەواتە بێ زیادەڕۆیی و دور لەجیهانبینی حزبی وەک واقع و لۆژیک بیخوێنینەوە لەم وتارەشدا تەنها قەناعەتی تەواوی خۆم و خوێندنەوەم بۆ ڕای ئەو بیرمەندانە کە لەسەر کاریزما هەیانبووە ئەم بابەتەم نوسیوە نەلەبەرخاتری کەس و نە لەژێر کاریگەری هیچ شتێکی تردا، چونکە ئەگەر قەناعەتی فکری تەواوم بەبابەتێک نەبێت ناتوانم دێڕێکیشی لەسەر بنووسم . وەک جەلالەدینی ڕۆمی دەڵێت (من نەێنیم دور لەڕوانینم نییە) بۆیە لەڕاقەکردنی کاریزمای بارزانی لەڕێگای ڕای ئەم بیرمەندانەوە ئەوەمان بۆ دەسەلێنێ کە بارزانی بەمانای چەمکی کاریزما ، کاریزمای نەتەوەیی کورد بووە لەسەردەمی خۆیدا. بارزانی لەسەردەمێک دەردەکەوێت کەداگیرکەران لەهەرچوار لا بەدڕندانەترین شێوە بەربوونە سەر خاک و خەڵکی کوردستان، هەموو ڕێگایەکیان دەگرتەبەر بۆ شکاندنی ئیراده و کەرامەتی تاکی کورد، ئالەم کاتەدا بارزانی دەردەکەوێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و واتاکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەوساندنەوە و گواستنەوەی کوردستان لەقۆناغی ژێر دەستەییەوە بۆ قۆناغی شکۆمەندی. لێرەوە بارزانی خەباتێکی هەمەلایەنەی خستەسەر ڕێگا لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سەربازییەوە، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵێک چاکسازی گرنگی کرد لەو سەردەمەدا لەڕووی سیاسیشەوە ئەو کاتەی کە لەباشوور لەشۆڕشدا بوو کۆماریک بۆ کورد لەڕۆژهەڵات دادەمەزرێت، بارزانی بێ هیچ دوو دڵییەک لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا دەچێتە مهاباد بۆ هاوکاری کۆماری کوردستان، لەو ماوەیەدا ڕۆڵێکی قارەمانانە دەگێڕێت، دوای ئەوەی کۆمار دەبێتە قوربانی بەرژەوەندیی زلهێزەکان ، قازی محمد وەک قارەمانێک بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی کوردستان چووە بەر پەتی سێدارە، بارزانیش بۆ بەردەوام بوونی شۆڕش و بەرخودان و ڕەوڕەوەی مێژووی خەباتی کورد، قارەمانانە بەرگری کردو درێژەی بەخەباتدا. ئالەو کاتەدا بەجوگرافیایەکی سەخت و ئاو و هەوایەکی نالەبار و جەنگێکی نا بەرامبەردا بەرەو یەکێتی سۆڤیەتی ئەو کات بەڕێ دەکەوێت، ئەم قارەمانێتییە لەو سەردەمەدا بێ هیچ هۆکارێکی پەیوەندیکردن و گواستنەوە. ئەگەر بارزانی کورد نەبوایەلەسینەماکانی جیهاندا دەیان فیلمی گەورەی جیهان لەو قارەمانێتییەی دروست دەکرا، بەڵام بەختی کورد جگەلەزۆلمی جوگرافیا و مێژوو لەپانتایی ئەدەبیات و هونەر و سینەمای جیهانیشدا لەبەر بەرژەوەندیی سیاسی ئاوڕ لەم داستانە گەورەیە نەدراوەتەوە و لەم تراژیدیا گەورانەی کورد خۆیان بێ خەبەر کردووە. شارەزایەکی بواری سەربازی دەڵێت (بەپێوەرەکانی من بۆ سەرکردە و شەرکەری باش ئەوەیە کە سەرکردەی باش، زیرەک و ئازا ئەو سەرکردەیە کەعەقڵی ناوەستێت لەچرکەساتە سەخت و یەکلایی کەرەوەکاندا). ئا لەو زەمەنە سەختەدا کەکورد لەمەئزەدا بوو، بارزانی جگەلەوەی جەنەرالێکی سەربازی بووە سیاسیەکی دوربینیش بووە و خوێندنەوەی بۆ واقعی حاڵ و واقعی سیاسی ئەو سەردەمەی هەبووە، بۆیە توانی ڕابەرایەتی میللەتەکەی بکات و وەڵامی پرسیارەکانی ئەو سەردەمە بداتەوە چون بارزانی ئەو خەسڵەتەی تێدابوو کەپێی دەوترێت هەیبەتی شەخسی، ئەمەش لەزاری بیانیە کانەوە دەردەکەوێت. جارێک جەودەت ئەمیری پەیامنێری ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسی) چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بارزانی دەکات و دەڵێت ئێوە ئامانجتان چییە ؟ بارزانی لەوەڵامدا دەڵێت: "ئەوەی کەئێمە بۆی تێدەکۆشین یەکخستنی گەلەکەمان و وەرگرتنی مافەکانیەتی". لەهەمانکاتدا بارزانی دەیزانی کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی نەخشەی جەنگەکان دیاری دەکەن بۆیە ، لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا بارزانی دەڵێت: "ئەوە جەنەرالّی سەربازی نییە لێمان دەباتەوە، بەڵکو ئەوە جەنەرالّی ئابووریيە وادەکات لەجەنگەکان بدۆڕێنین". لێرەدا بارزانی ئەوەمان پێدەڵێت کە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هێزە گەورەکانی جیهان لەسەروی ئازادی گەلانەوەیە ئەگەرنا گەلی ئێمە چۆک لەبەرامبەر هیچ دوژمنێکدا دانادات هەر لەم تێگەشتنەوە بارزانی ١٩٦٥ پەیامێک بەشەمسەدین موفتیدا دەنێریت بۆ ئەمریکیەکان، داوایان لێدەکات کە هاوکاری گەلی کوردستان بکەن کە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بەنەوت، دەکرێت لەڕێگای کۆمپانیاکانتانەوە بەڕێکەوتنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردەکانی عێراق بەرهەمدە هێنرێت، بارزانی لەم نامەیەدا ناڵێت لەگەڵ من یان لەگەڵ پارتی، دەڵێت لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا، ئەمەش مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمە تێگەشتنی ئەوکاتەی بارزانی بووە لەسەر پەیوەندیەکانی کورد و ئەمریکا لەبواری وزە و ئابووریدا. بەڵام ئەمریکییەکان ساڵی ٢٠١٢ ئەم قەناعەتەیان لێ دەبێت بەواقع ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە بارزانی توانییەتی لەکۆکردنەوەی فیکر و کرداری سەرکردایەتیکردندا سەرکەوتوو بێت بۆ هەمیشە ئامانجی دروستکردنی مێژوو، بووە بەدور بووە لە لەرەتی ژیان و سەروەت و سامان. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش دوژمنیش دانی پێناوە. جارێک مخابەراتی عێراق داوا لەسەرچاوەکانی خۆی دەکات کەوا سەروەت و سامانی بارزانی (گوازراوە و نەگوازراوە) مان بۆ بنێرن، سەرچاوەکان لەوەڵامدا دەڵێن (بارزانی هیچی نییە) ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کەبارزانی مرۆڤی بالاّو دادپەروەر بووە، هەم زاهید بووە و هەم کاریزمادار بووە، (زوهد) بریتییە لەدست بەردان لەمالّی دونیا و بەتاڵ کردنی دڵ لەسەرقاڵی. هەروەها چەندان نووسەر و ڕۆژنامەنوس و سەرکردە ئاماژەیان بەکاریزمایی بارزانی داوە، وەلی ئەم سافاییە ڕاوێژکاری ڕۆژنامەنووسی کیسینجەر کتێبێکی بەناوی ئەیوب نووسیوە (واتا ئەیوب پێغەمبەر) لەوکتیبەدا باسی سەبر و ئارامی چەند سەرکردایەک لەژیان و خەباتی سیاسیدا دەکات، کەچەند سەبری ئەیوبیان هەبووە، لەوانە (گاندی و ماندێلا و بارزانی) ئەمانە و لەسەردانێکی سەرۆک مەسعود بارزانیدا بۆ ڕوسیا کەلەفڕۆکەکە دابەزی وتی: من بە٣ کاتژمێر گەشتمە ئێرە بەڵام بارزانی بەپێ و بە٥٣ ڕۆژ گەیشتۆتە ئیرە". ئەم ڕستەیە پێویستی بەتێڕامان هەیە، بەتایبەتی لای گەنجان و لاوانی سەردەمی دیجیتاڵ، دواجار لیرەوە تێدەگەین کە بارزانی کاریزمای کورە بۆیە بارزانی دەبێت لەپانتایی مالّی نەتەوەدا بێت نەک حزب و خێزان و هەرشتێکی تر. گەر بشمانەوێت خەونەکانی بارزانی بێنەدی دەبێت بگەڕێینەوەسەر فەراهەمکردنی دادپەروەری بەهەموو ماناکانی.

سەرچاوەکان

1- پەیوەندیەکانی کورد و ئەمریکا - وریا ڕەحمانی
2- ئالەکۆک - غەنی بلوریان
3- ئەیوب (نوسینی ولیام سافایەر).
4- داستانەکانی ئەلیادەو وەدیسەی هۆمیرۆس.
5- وانەکانی فەلسەفەی مێژوو- نووسینی هیگڵ.
6- کاریزما وەک بزوێنەری مێژوو - جەعفەر علی.





مەزەندەی ئەوان هەر پێشکەوتنێک لەدۆزی کوردستان کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان دەبێت.

لە پەراوێزی ڕێککەوتنی جەزائیر
سەدام و شا.. ئێستای عێراق و ڕۆحانی



غازی حەسەن

ڕێککەوتنی شومی جەزائیر، کە لەبنەڕەتدا بۆ لەنێوبردنی شۆڕشی ئەیلول مۆر کرابوو، وەکو ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی دژی ماف و ئیرادەی گەلی کوردستان بەڕێوەچوو. ئەم ڕێککەوتنە لەکاتێدا مۆرکرا کە دوو ڕژێمی بەعس و شای ئێران لەسەردەمێکی جیاواز و لەپێناو ئامانجێکی غەدارانە جێبەجێیان کرد.ئەو کات هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاش بەشدار بوو، پیلانە ڕەشەکە بەمیواندارای جەزائیر بەڕێوەچوو، ئەم تاوان و پێشێلکارییە ئەخلاقی و جەهەنەمییە گەورەیان لەدژی گەلی کوردستان پیادەکرد.

سەدام حوسێن خیانەتێکی گەورەی لەعێراق کرد و لەپێناو لەناوبردنی شۆڕشی کوردستان (سەروەری و سنووری !!) خۆیانی پێشکەش بەشا و ئێران کرد. لەئێران و عێراقدا هیچ یەکێک لەو ڕژێمەی ڕێککەوتنەکەیان مۆرکردووە، نەماون. ئەمەریکا ئێستا دژی ئێرانە و جەزائیریش لەدۆخێکە کەس حەسودی پێ نابات. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی و لەپێناو چ ئامانجێک عێراق، کە کوردێک سەرۆکایەتی دەکات و ڕۆحانی کە بانگەشەی ئیسلامبوون و دژایەتی ئەمەریکا دەکات، لەدوایین سەردانی بۆ بەغدا لەڕاگەیاندراوێکی فەرمیدا لەم کات و دۆخ و لەنێو بەغدا زۆر بەجدی ئاماژە بەکاراکردنەوەی ئەم ڕێککەوتنە دەکەن. ؟

گوتمان بەشێوەیەکی سەرەکی و ئامانجی ڕێککەوتنەکە لەنێوبردنی شۆڕشی چەکداری کوردستانی باشور بەسەرۆکایەتی (بارزانی نەمر) بوو، ئایا ئەگەر جارێکی دیکە ئەم ڕێککەوتنە زیندوو بکرێتەوە و جێبەجێ بکرێت، دواڕۆژی هەرێمی کوردستان چی بەسەر دێت؟ هەڵوێستی ئەمەریکا، کە ئێستا پێچەوانەی سیاسەت و ستراتیجی سالّی ١٩٧٥ یەتی، دەبێت چی بێت؟ ئایا فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئیتالیا و نەمسا و سوێد و کەندا و چین و ڕووسیا هەڵوێستیان هەمان هەڵوێستی سالّی ١٩٧٥ دەبێت؟پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئامانجی ڕاگەیەندراوەکەی نێوان (عێراق و ڕۆحانی) لەکاراکردنەوەی ئەم ڕێککەوتنە چییە؟. ئەگەر مەبەستیان پێداچوونەوەیە بەکێشەی سنووری نێوان بەغدا و تاران، سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران هیچ کاتێک بەقەد ئێستا سنووری ناوچەکانی باشووری عێراق لەبەردەم جموجۆڵی گوماندار و گواستنەوەی میلیشای چەکداری شیعی و بازرگانی کردن بەمرۆڤ و مادە هۆشبەرکان کراوە نەبووە. ئەگەر مەبەست لەپاراستنی سنوور ڕێگری لەجوولانەوەی چەکداری حزب و لایەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت، ئەوە عێراقی ئێستا نەدەسەڵاتی سەدام حوسێن و نەسوپای سەدام حوسێن و نە عێراقی سەردەمی بەعس هەیە، تاکو سنووردکان بپارێزێت، نەدۆخی ئێرانیش لەڕووی نێودەوڵەتییەوە هەمان دۆخی سالّی ١٩٧٥ و نەدۆخی کوردیش هەمان شتە، هیچ گومانی تێدانییە ئەوەی لەم ڕێککەوتنە سوودمەند دەبێت تەنیا ئێرانە، چونکە سەدام حوسێن بەشێک لەسنوور و دەسەڵات و (سەروەری!!) سنووری ئاوی عێراقی تەسلیم بەئێران کرد بۆ ئەوەی لەخەبات و تێکۆشان و شۆڕشی کوردستان ڕزگاری بێت و ئینجا دوای ئەوە لەڕێککەوتنی ١١ی ئازار و ئۆتۆنۆمی/ حوکمی زاتی پەشیمان بێتەوە. بۆمان ڕوون نییە ئەگەر عێراق لەقۆناغی ئێستادا بەرنامەی ڕزگاربوون لەهەرێمی کوردستانی هەبێت و هەمان ڕووداوە ڕەشەکانی سەردەمی ڕێککەوتنی جەزائیر دووبارە بکەنەوە. شای ئێرانیش ئەو کات نەیدەویست ڕێککەوتنی ئازار پتەو بێت و کورد ببێتە خاوەنی کیانێکی دەستوری و یاسایی لەناوچە، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، بەشێک لەخاکی عێراق بەشا درا، بۆیە ئەو ڕێککەوتنە بەشا و ئەمریکا سوودمەند دەبێت و کورد و عێراق زیانمەند.

ئەگەر ئەمڕۆ ئەمەریکا و ئێران و عێراق ئامادەبن ڕێککەوتنی ١٩٧٥ جێبەجێ بکەن، ئەوا کورد و عێراق زیانمەند دەبن،

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ٥٨٨٨ بەناوی شەمال عبداللە مجید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ٩٢٥ بەناوی باسم گورگیس تومار وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە (٩٨٦٠٤٠) بەروار ٢٠١٩/١/١٤ بەبری ٢٠٠٠٠٠ بەناوی فریدون سلیمان رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٢٣٦٤١٣) بەروار ٢٠١٨/٢/٧ بەبری ٢٠٨٧٢٥٠ بەناوی بەنگین عزیز احمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٨٣٣٣٧٤) بەروار ٢٠١٧/١٢/١٧ بەبری ٥٧٧٠,٥٠٠,٠٠٠ بەناوی روستم حسن حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی گۆرەتوو
ژمارە: ٣٣/١٤٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٨
ئاگاداری

سەبارەت بە نەخشەی کەرتی ژمارە (K ٤١٤) بەڕووبەری (٨٠٠)م٢ بەمەبەستی دروستکردنی بەنزینخانە لەسەر زەوی بەڕێز (شریف سلیم صالح) بۆ ئەم مەبەستە لەرۆژی دەرچوونی ئەم ئاگادارییە وە بۆ ماوەی یەك مانگ هەر دامەزراوەیەك دەزگایێکی حکومەت یان هەر لایەنك رەخنەو پێش نیازی هەیێت لەسەر ئەم بابەتە ئاگاداری شارەوانەکەمان بکاتەوە ئەگینا دوای ئەم ماوەیە هیچ لایەنێك بۆی نییە پیچ پێشنیارێك پێشکەش بکات.

کاوە ابراهیم مرعان
بەڕێوەبەری شارەوانی گۆرەتوو

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ١٨٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/١٣
ئاگاداری

هۆشدار/ (بۆتان کامیران میران) بەڕێوەبەری فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر (سەرەرای کارەکەی) هۆشدارکراو/ (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای اشوربان)

بەرێتان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەفەرمانگەکەمان لەلایەن بەڕێز (بۆتان کامیران میران) بەهۆشداری ژمارە (٤٨) لە (٢٠١٩/١/١٦) لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی حدیاب لە عنکاوە لە ٢٠١٩/٣/١٣ بۆیە لەڕێگای دوو رۆژنامە ئاگادارت دەکەینەوە کەوا (٢٤٨٥٠٠٠) دوو ملیۆن و چوار سەدو هەشتاو پێنج هەزار دینارتان لە فەرمانگەکەمان بۆ سپێردراوە لەبەرامبەر کرێی مولکەکەت بەژمارە (b٢٥) لەنهۆمی (٥) وە بەهۆی تێپەربوونی (٣) سێ سال بەسەر سپاردنی بڕە پارەی ئامارە پێکراو بەپێی یاسای کاری دادنووسی ژمارە ٣٣ی سالّی ١٩٩٨/ مادەە ١٤/برگە ٢ کە دەلێت (عند مرور ثلاث سنوات علی ایداع المبالغ النقدیه و عدم مراجعه صاحب العلاقه لتسلمها بع تبلغه یتم قیدها ایراد للخزینه) واتا دەبێتە داهات بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بێتوو لەماوەی ٨ هەشت رۆژ لە رۆژی پێراگەیاندنت سەردانی فەرمانگەکەمان نەکەی بۆ بردنەوەی... (هۆشداری کراو پاساوی نییە)

بۆتان کامیران میران
دادنووسی یەکەم

***

دادگای موادی کەسی عەنکاوە
ژمارە: ٣/م/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣
بۆ داوالێکراو: جۆرج یوسف الیاس شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (جینیة پولس خدیدا) داوای ژمارە ٢٠١٩/م/٣ لەسەرت تۆمارکردووە داوای پوچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەریتان دەکات، وە ئەم دادگایە لەڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١٨) بریاری کۆتایی بەپاشملە دەکرد بەپەسندکردنی پووچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەریتان لەکەنیسە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری شارۆچکەی عنکاوە بۆیە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت بەبریارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لەماوەی یاساییدا نارازیبوونی خۆت یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نهاد صباح الدین علی

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١٨/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٥
ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە بۆ جاری دووەم هەڵدەستێ بە فرۆشتنی (٩) پارچە زەوی بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیار کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بلاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارە و جۆری مولك/ پارچە زەوی ژمارە (١٦٦/٦٢ ك ٢٩ دەشتی کۆیە) ڕووبەرم٢/ ١٠٢,٩م٢ نرخی خەملێندراو بۆم٢/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٢- ژمارە و جۆری مولك/ پارچە زەوی ژمارە (١٦٦/٣٤ ك ٢٩ دەشتی کۆیە) ڕووبەرم٢/ ١١١,٢م٢ نرخی خەملێندراو بۆم٢/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٣- ژمارە و جۆری مولك/ پارچە زەوی ژمارە (١٦٦/٦٦ ك ٢٩ دەشتی کۆیە) ڕووبەرم٢/ ١١٨,٧م٢ نرخی خەملێندراو بۆم٢/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٤- ژمارە و جۆری مولك/ پارچە زەوی ژمارە (١٦٦/٦٨ ك ٢٩ دەشتی کۆیە) ڕووبەرم٢/ ١٢٦,٢م٢ نرخی خەملێندراو بۆم٢/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٥- ژمارە و جۆری مولك/ پارچە زەوی ژمارە (١٦٦/٧٠ ك ٢٩ دەشتی کۆیە) ڕووبەرم٢/ ١٣٢,٧م٢ نرخی خەملێندراو بۆم٢/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٦- ژمارە و جۆری مولك/ پارچە زەوی ژمارە (١٦٦/٧٢ ك ٢٩ دەشتی کۆیە) ڕووبەرم٢/ ١٤١,٢م٢ نرخی خەملێندراو بۆم٢/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٧- ژمارە و جۆری مولك/ پارچە زەوی ژمارە (١٦٦/٧٤ ك ٢٩ دەشتی کۆیە) ڕووبەرم٢/ ١٤٨,٧م٢ نرخی خەملێندراو بۆم٢/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٨- ژمارە و جۆری مولك/ پارچە زەوی ژمارە (١٦٦/٧٦ ك ٢٩ دەشتی کۆیە) ڕووبەرم٢/ ١٥٦,٢م٢ نرخی خەملێندراو بۆم٢/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٩- ژمارە و جۆری مولك/ پارچە زەوی ژمارە (١٦٦/٧٨ ك ٢٩ دەشتی کۆیە) ڕووبەرم٢/ ١٦٣,٧م٢ نرخی خەملێندراو بۆم٢/ ٢٠٠٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ٣ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١٧/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٥
ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە کرێدانی (٢) شوێنی مولکی شارەوانی بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیار کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٥ کاتژمێر (١١:٣٠) یانزەو نیوی بەیانی لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بلاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی (عەلوەی فرۆشتنی سەوزە و میوە) لەسنوری شارەوانی کۆیە کرێی سالانەی خەملێندراو ٣٤٠٠٠٠٠٠ سی و چوار ملیۆن دینار ماوەی بەکرێدان/ ١ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

٢- ژمارە و جۆری مولك و شوێن/ شوێنی (گەراجی گواستنەوەی هاوولاتیان) لەسنوری شارەوانی کۆیە کرێی سالانەی خەملێندراو ٢٧٥٠٠٠٠٠ دوو ملیۆن و حەفت رسەدو پەنجا هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/ ١ ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ٥
ژمارە: ٢٢٨٠ / ب / ٢٠١٨
بەروار: ١٩ / ٣ / ٢٠١٩
ئاگاداری

داواکار: عبدالرحمن بکر عبدالرحمن
داوالەسەرکراو: شاخەوان جمال محمد

بۆ داوا لەسەر کراو بەناوی (شاخەوان)

داواکار(عبدالرحمن) داوای ژمارە (٢٢٨٠ / ب / ٢٠١٨) لەسەرت تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٥ کە تیایدا داواەکات بە دانی کرێی هاوتا بۆ مولکی ژمارە ٤٥٧/٧٨ کە بریتیە لە شقەی ڕاخراو لە گوندی ئەڵمانی، وە لەگەڵ لە ئەستۆ گرتنی داوالەسەرکراو لە تێچووی داواکە و ماندووبونی پارێزەرایەتی، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی واژۆ و مۆری موختاری گەرەکی (گوندی ئەڵمانی) بۆ یە دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت بەخۆت یاخود لەڕێگەی بریکارێکی یاسایی لە دادگا لە ڕۆژی (٢ / ٤ / ٢٠١٩) کاتژمێر (٩:٣٥) ی سەرلەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی بریار دەردەکات بەرامبەرت .

دادوەر / د.ماجد رشاد محمد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/دەشتی هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٤/انابە/٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/٣/٢٤
جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دەشتی هەولێر ژمارە ٢١/٢٣٥٩ ك ٧٢ دارەتوو کە کەوتوتە دارەتوو دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار زاهیر سلیمان حمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی سردار عثمان حسن بەبڕی/ ١٥٥,٧٥٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کرێیارە.

جێبەجێکاری داد / پێشرەو فریق باوەمەردەی

١ - شوێن و ژمارەی/ ٢١/٢٣٥٩ ك ٧٢ دارەتوو
٢ - ڕەگەزو جۆری/ بالەخانە
٣ - سنوورو ئاگاداری/ لە تۆماری هەمیشەیی هاتووە
٤ - پێکهاتەکەی/ بالەخانەی دوونهۆمی نهۆمی یەکەم لە ٧ حەوت دوکان پێك دێت نهۆمی دووەم لە هۆلێکی گەورەی وەرزشی پێك دێت لەبلۆك و سقف مسلح کۆنکریت دروستکراوە.
٥ - ڕووبەرەکەی/١٢٥م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ کرێچی تێدا نیشتە جێیە
٨ - نرخی قرساو/ ٢١٠,٠٠٠,٠٠٠ دوو سەدو دە ملیۆن دینار.

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە: ٣٤٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەوتی: ٢٠١٩/٣/٤
ئاگاداری

داواکار: ئاوات علی کریم
داوالەسەرکراو: اریڤان علی کریم

بۆ داوالەسەرکراو بەناوی (اریڤان)

داواکار (ئاوات) داوای ژمارە (٣٤/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ کە تیایدا داوا دەکات بە نەهێشتنی هاوبەشی لەمولکی ژمارە ١/٦٧٦ ك گویزە وە بەش بەش کردنی گەر شیاوی بەشکردن بێت و گەر شیاوی بەشکردن نەبێت بفرۆشرێت و دابەشکردنی بەهای مولکەکە بەسەر هەموو هاوبەشەکاندا.

وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی واژۆو مۆری موختاری گەرەکی (رۆژهەلات) بۆیە دادگا بریاریدا بەئاگادارکردنەوەت لەڕێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت بەخۆت یاخود لەڕێگەی بریکارێکی یاسایی لەدادگا لەڕۆژی دادبینی کەدەکاتە ڕۆژی (٢ / ٤ / ٢٠١٩) کاتژمێر (٩:٣٥) سەر لەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی بریار دەردەکات بەرامبەرت.

دادوەر/ د. ماجد رشاد محمد

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (برلنت) بۆ وەبەرهێنانی بازرگانی و پیشەسازی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ هێمن عبدالصمد عمر

ناونیشان/ ژووری پارێزەران

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٠٢٠١٠٠

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر
ژمارە: ٣٩٦٠/١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤
ئاگاداری

ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی هەردوو پارچە زەوی ژمارە (١/٢٧ و ١/٢ ك ٢٠ قەتەوی) وە گۆرینی ڕەگەزی لە کشتوکاڵ بۆ زەوی بەتاڵ.. جا هەر کەسێك سکاڵاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆرینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە: ٣٩٥٦/١٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤
ئاگاداری

ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی پارچە زەوییانەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئامۆژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر وە دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی (٣٠) سی یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کریار تەواوی پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

ژ.زەوی/ ٦٠/١٥٩٠ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ١٢٥,٢٠م٢ ٦٠/١٥٩٢ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ١٢١,٣٠م٢ ٦٠/١٥٩٤ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ١١٧,٥م٢ ٦٠/١٥٩٦ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ١١٣,٧٠م٢ ٦٠/١٥٩٨ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ١٠٩,٩٠م٢ ٦٠/١٦٠٠ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ١٠٦,١٠م٢ ٦٠/١٦٠٢ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ١٠٢,٣٠م٢.

ژ. زەوی/ ٦٠/١٦٠٤ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ٩٨,٥م٢ / ٦٠/١٦٠٦ ك ٤٤ وارش/ ٦٠/١٦٠٨ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ٩٠,٩٠م٢ / ٦٠/١٦١٠ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ٨٧,١٠م٢ / ٦٠/١٦١٢ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ٨٣,٣٠م٢ / ٦٠/١٦١٤ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ٧٩,٣٠م٢ / ٦٠/١٦١٦ ك ٤٤ وارش/ ڕووبەر/ ٧٥,٣٠م٢.

ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (هڤگر) بۆ بارزگانی گشتی بەلێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ مهند شاکر مصطفی

ناونیشان/ هەولێر/ مامۆستایان

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٥٠٨٩٥

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٠٢٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (هڤگر) بۆ بارزگانی گشتی بەلێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (مهند شاکر مصطفی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٠٣٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (برلنت) بۆ وەبەرهێنانی بازرگانی و پیشەسازی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٢/١٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هێمن عبدالصمد عمر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٥٠٠/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/١/٢٠
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (منذر سلیمان امین) لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٣٤/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٣/٣
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (نبیل التفات کریم) لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٢) لەیاسای هاتووچۆ وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٦٢/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٣/٣
ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (هیمن راستی محمود) لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٥/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٠٢/ك/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٢/١٢
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (کاروان احمد حبیب)
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراو بۆ ئەوەی دادگای بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای (قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی) لەو کێشەی کەتایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (حسار) کەتیایدا (بەڵێن نوزاد حمە صالح) سکاڵای لەسەرت تۆمارکردووە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بۆیە ئاگادارت دەکەین کە پێویستە لەسەرت لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەرۆژی (٢٠١٩/٤/٢٤) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی بەمەبەستی دادگاییکردنت یاخود خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس و خۆت تەسلیم بکەیت بۆ ئەوەی بتهێنن بۆ بەردەم دادگا لەرۆژی دیاریکراوی سەرەوەدا بەپێچەوانەوە بەپاشملە (غیابی) دادگایی دەکرێیت و خۆت بەرپرسیارئەبیت، پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان
دادوەر/ جمیل جمال محمد
***
ریکەفت: ٢٠١٩/٣/١٨
ئاگەهدارکرن
داواکاران/ ١- هژار صبری احمد ٢- ژیگر صبری احمد ئاکنجیێت ئەمریکا- ناشفیل/ بریکارێن وان پارێزەر (عبدالستار هادی تاج الدین و صباح عبدالجبار قاسم)
داوالێکراوا ئێکێ/ صبری احمد عبدالله/ جهێ ئاکنجی بوونا- باتیفا – کومەلگەها بێگۆڤا
داوالێکراوا دووێ/ رحیمە موسی یاسین/ جهێ ئاکنجی بوونا- باتیفا – کومەلگەها بێگۆڤا
داواکرنا لسەری بەرامبەر ڤێ دادگەهێ دژی تە کوتیدا داخازا رەچەلەك سەلماندن (اثبات نسب) ژ هەوە دکەت و هەر ئێك ژ (هژار صبری احمد) دایکبوویێ (١٩٩٤/٥/٣١) جهێ دایك بونا وی (ئەمریکا- ناشفیل) ئو ئەو نێرەو و موسلمانە و (ژیگر صبری احمد) دایکبوونێ ١٩٩٦/٨/٧ جهێ دایك بوونا وێ (ئەمریکا- ناشفیل) ئو ئەو نێرە و موسلمانە ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە لدیف رونکرنا هەلبژارێ گەرەکا بێگوڤا کەڤن بریار هاتە دان تە ئاگەهدار بکەن ب رێکا دوو رۆژنامێن رۆژانە داکو ئامادەبی بەرامبەر دادگەها بارێ کەسی باتیفا ل رۆژا دادبینێ ل رێکەفتی (٢٠١٩/٤/٢) و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادبین هێتە رێڤەبرن دەرحەقێ تەدا ب شێوەیەکی نەئامادەبوونی لدیف یاسایێ.
دادوەر/ خالد سلیمان مصطفی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:٥١٩٥/ش/٢٠١٨/٢
رێکەوت:٢٠١٩/٣/٢٤
جاردان
بۆ داوالێکراو زید فاضل حسن شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە ٥١٩٥/ش/٢٠١٨/٢ وە لەبەرواری ٢٠١٩/٣/١٣ بڕیاریدا لەسەر (تفریق للهجر) لەنێوان تۆ و داواکار (سۆدە محمد جواد) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ خانزاد بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/طارق حسین کریم
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/١٥/ب/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠١٩/٣/١٢
راگەهاندن
بۆ/داوالێکاراو (الیشواع یوسف فرنسیس) جهێ ئاکنجیێ نەدیار ڤێ دادگەهی ددواپا ژمارە ١٥/ب/٢٠١٩ رێکەفتی ٢٠١٩/١/٢٩ بریاردایە دانا تە بۆ داواکار (توما کورکیس حنا) کۆژمێ (٦٧٠٠٠٠٠٠) شێ ست وحەفت وپێنج ملیون دینار وتو تەحمولا مەژاختنێن داوایێ ومانديبونا پارێزەرێ بڕیکارێ داواکاری پارێزەر (دندار سیدو حسن) کوژمی پارە (٢٠٠٠٠٠٠٠) دوو ملیون دینار وژبەر جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن سێمێلێ ژمارە (٨٢٥) ل ٢٠١٩/٢/٢٨ وڤەژارا هەبژارتیێ گوندێ سێجی رێکەفتی ٢٠١٩/٢/٢٦ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ببریارا ڤێ دادگەهێ بڕیکا دوو رۆژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبونێ وتیهەلجونێ وپێداچونێ هەیە دماوێ یاسایی دا وبەروڤاژێ ڤێ بڕیار پلا ڤەبر وەرگریت ل دیف یاسایی
دادوەر / عزیز محمد سعید
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٤ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠١٩/٣/١٧
راگەهاندن
بۆ/داوالێکراوی (سرة یوسف فرنسیس) جهێ ئاکنجیبوونێ نەدیارە ڤێ دادگەهی ددواپا ژمارە ١٤/ب/٢٠١٩ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١/٢٤ بریاردا دانا تە بۆ داواکاری (فبرونیە جبو حنو) ژ کۆژمێ پارە (٦٥٠٠٠٠٠٠) شیست وپێنج ملیون دینار دگەل مەزاختنێت داوایێ ب رێژەیی ومانەی بونی پارێزەران یا بریکاری داواکاری پارێزەر (دندار سیدو حاجی) ژ کوژمی پارە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیون دینار وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادوەری ل دهوکێ یا ژمارە (٨٢٦) ل رێکەفتی ٢٠١٩/٢/٢٨ وڤەژارا هەلبژارێ گوندێ سێجی ل رێکەفتی ٢٠١٩/٢/٢٦ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریارا ناڤبری ڤێ دادگەهێ بڕیکا دوو رۆژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبونێ وتیهەلجونێ وپێداچونێ هەیە دماوێ یاسایی دا بەروڤاژێ دێ بریار پلا ڤەبر وەرگریت ل دیف یاسایی
دادوەر / ریبوار محمد حسن
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٥٤ /٢٠١٨/انابە
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/١٩
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (یونس محمد فتاح)
زبەر نەزانین ونەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف مادەیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب رێیا دوو رۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەێن بۆ ماوێ (١٥/پازدە) رۆژا ژ رۆژا بەلافکرنێ ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕێڤەبەریا مە ژبۆ ئەنجامدانا رێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیە) وبەروڤاژی دێ نەچاری رێکێن یاسایی یێن (الاجراءات القانونیة الجبریة) بین هاریڤان ایوب عبدالله/ (جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٢٨٥/ ت / ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٤
ئاگاداری
بۆ / قەرزار (الیشواع یوسف فرنسیس)
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی ماددە (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە رێی رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (فبرونیە جبو حنو) کە (٦٧٠٠٠٠٠٠) شیست وحەفت مەلیون دیناری عیراقی یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١١/ خ/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/١٨
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (٨٩٧/١) کەرتی ٤١ کری بانی) یا قەرزدار (عبدالکریم سلیمان عمر) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتێ ودوو ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهوك (٢٥٤/١٨) کەرتێ(٨٤/بروشکی) جور پێك هاتیە ژ ئافاهیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ و دوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەہ وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٥٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٧٢٠٠٠٠٠٠)حەفتێ ودوو ملیون دینار ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٠٦٦
رێکەوت/٢٠١٩/٣/٢٤
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر بەشی قەرزار مولکی ژمارە ١/٦٠٥ کە کەوتوەتە ك ٤٥ وارش دەفۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ئاوارە شمس الدین محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هڤال جواد رسول بەبڕی/ ٥٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/٦٠٥ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی دوو نهۆمی یەکەم ٥ ژوورو مطبخ و حمام و مرافق و نهۆمی دووەم ٢ ژوورو حمام و مرافق
٥ – روبەرەکەی/٣٣٠,٧٥ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٨٣,٥٦٤,١٤٥ ملیۆن دینار
بەشی قەرزار ئاوارە شمس الدین محمد
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٥٠٣
رێکەفت: ٢٠١٩/٣/١٩
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبونا سەرئێك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا و دانانا پەمپا بو پروژێ ئافا زاخو (نوی)/ قەزا زاخو) (٨) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند ڤێ بواریێ دا.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری قە:
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (سێ شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/٤/٢)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٤/٥٧٩
رێکەوت/٢٠١٩/٣/٢٤
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٥٤/١٨) کەرتێ (٨٤/بروشکی) کو دکەڤیتە(دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (نصرت عثمان عبدالرحمن وعثمان عبدالرحمن عثمان) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (شرکة شیرین) بکوژمێ (١٣٧١٦٠٠٠٠) سەد وسیە وحەفت ملیون وسەد وشێست هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتێ ودوو ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهوك (٢٥٤/١٨) کەرتێ(٨٤/بروشکی) جور پێك هاتیە ژ ئافاهیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ و دوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەہ وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٥٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٧٢٠٠٠٠٠٠)حەفتێ ودوو ملیون دینار ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٢٠/ خ/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٢٨
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٠٤١/١) کەرتی ١١ سمیل) یا قەرزدار (خاتون موشی کورکیس)ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لیستەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١٠٤١/١) کەرتی ١١ سمیل- تاخی خەبات)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە ئیك تابق
ڕووبەر :- (٢٠٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٧٤٠٠٠٠٠٠) حەفتی وجوار مەلیون دیناڕێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٩/ خ/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/١٨
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا بشکا قەرزدار (جهور فیصل محمد)د مولکێ ژمارە (١٣٦٨٤/١) کەرتی ٤١ کری بانی) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ تەحصیلی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١٣٦٨٤/١) کەرتی ٤١ کری بانی- تاخی بەهار)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە
ڕووبەر :- (١٠٢,٩٥٥ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٤٥٠٠٠٠٠٠) جل وپینج مەلیون دیناڕێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠/ خ/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٢٨
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٠٤١/١) کەرتی ١١ سمیل) یا قەرزدار (خاتون موشی کورکیس)ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ تەحصیلی ودەلالیێ لسەر بکری نە
ڕوونکرن :-
ژمارە وجە :- (١٣٦٨٤/١) کەرتی ٤١ کری بانی- تاخی بەهار)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە دوو تابقە
ڕووبەر :- (١٠٢,٩٥٥ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٤٥٠٠٠٠٠٠) جل وپینج مەلیون دیناڕێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٤/٥٧٩
رێکەوت/٢٠١٩/٣/٢٤
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (٢٥٤/١٨) کەرتێ (٨٤/بروشکی) کو دکەڤیتە(دهوك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (نصرت عثمان عبدالرحمن وعثمان عبدالرحمن عثمان) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (شرکة شیرین) بکوژمێ (١٣٧١٦٠٠٠٠) سەد وسیە وحەفت ملیون وسەد وشێست هزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥) پازدە ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٧٢٠٠٠٠٠٠) حەفتێ ودوو ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیێ لسەر بکری یە سالوخەت : جە وژمارە دهوك (٢٥٤/١٨) کەرتێ(٨٤/بروشکی) جور پێك هاتیە ژ ئافاهیێ ئاکنجیبوونێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ژورا پێشوازیێ و دوو ژورێن نڤستنێ ولێنانگەہ وپێکهاتێن ساخلەمیێ روبەر (١٥٠) م٢ کوژمێ خەملاندی (٧٢٠٠٠٠٠٠)حەفتێ ودوو ملیون دینار ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٠٦٦
رێکەوت/٢٠١٩/٣/٢٤
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر بەشی قەرزار مولکی ژمارە ١/٦٠٥ کە کەوتوەتە ك ٤٥ وارش دەفۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ئاوارە شمس الدین محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هڤال جواد رسول بەبڕی/ ٥٤,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/٦٠٥ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانوێکی دوو نهۆمی یەکەم ٥ ژوورو مطبخ و حمام و مرافق و نهۆمی دووەم ٢ ژوورو حمام و مرافق
٥ – روبەرەکەی/٣٣٠,٧٥ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٨٣,٥٦٤,١٤٥ ملیۆن دینار
بەشی قەرزار ئاوارە شمس الدین محمد
***
پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٥٠٣
رێکەفت: ٢٠١٩/٣/١٩
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو هەبونا سەرئێك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (دابینکرنا و دانانا پەمپا بو پروژێ ئافا زاخو (نوی)/ قەزا زاخو) (٨) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەت مەند ڤێ بواریێ دا.
ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری قە:
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (سێ شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠١٩/٤/٢)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریێ دهوکێ
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٠٥٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Vin Production house) للانتاج الفنی و الطبع و النشر المحتویات الفنیة السمعیة البصریة/ المحدودة) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکە ینەوە کۆمپانیای (مسعود صالح سعید یا پارە گهورینێ /تاك) بریاری گۆرینی ناو وجۆرێ کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (مسعود صالح سعید یا پارە گهورینێ /تاك) بۆ کۆمپانیا (پەل هات PELHAT یا پارە گهورینێ /سنوردار) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکە ینەوە کۆمپانیای (ئەز یا بازرگانیا گشتی وبازرگانیا ترۆمبێلا/ئینان وبرن/ سنۆوردار) بریاری گۆرینی ناوی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (ئەز یا بازرگانیا گشتی وبازرگانیا ترۆمبێلا/ئینان وبرن/سنۆوردار) بۆ کۆمپانیا (مالی زیناوە یا بازرگانیا گشتی وبازرگانیا ترۆمبێلا/ئینان وبرن/سنۆوردار) بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان هەر مافێکی لە سەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەریوە بەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیان بکاتەوە لە (شاری هەولێر - شەقامی ٦٠ م - کۆمەڵگای وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی)
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بە وکالەت

زەریف لە چی تووڕە بوو؟



سالم ئەلکوتبی

محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران، سەرسوڕمانییەکی زۆری بۆ چاودێران دروستکرد، دوای ئەوەی دەست لەکارکێشانەوەی لەناکاوی خۆی پێشکەشکرد، دواتر حەسەن روحانی، سەرۆکی ئێران داواکەی ڕەتکردەوە، بە گوتەڕەی ڕاگەیاندراوی سەرۆکایەتی ئێران وتی:"هەموو لێکدانەوە و شرۆڤەکان، لە بارەی هۆکارەکانی دەست لەکارکێشانەوەکەی زەریف، هەڵەن و دوورن لە ڕاستییەوە".

ئەوانەی وتەی نێردراون و ناڕوونی هەڵوێستەکەش زیاتر دەکەن، نەخاسمە وتەبێژ، نەلەدوور نە لە نزیکەوە ئامارژەی بەو هۆکارانە نەکرد، کە بەلای زەریفەوە ڕاستیی بن و وای لێکردبن دەست لە پۆستەکەی هەڵگرێت. زەریف، لە نێو ڕژێمی مەلاکانی ئێراندا، کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بە ڕووگەی سیستمی دبلۆماسیی دادەنرێت، ئەوەی ئێران بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆرئاوا، زۆر پشتی پێ دەبەستێت، زەریف، لە یاری تێکەڵاوکردنی کارتەکان و ئەو دووفاقییەی، کە ڕژێمی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ جیهان پەیڕەوی دەکات، ڕۆڵی پاڵەوان دەگێڕێت، لە ڕووی دابەشکردنی ڕۆڵەکان، لە نێوان باش و خراپدا! لایەنێکی سەرنج ڕاکێش لەو دەست لەکارکێشانەوە لە ناکاوە ئەوەیە، عەباس موسەوی، جێگر و وتەبێژ بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتی، بەڕێرسان لە وەزارەتی دەرەوە، هیچ ئاگایان لەهۆکاری دەست لەکار کێشانەوەکەی زەریف نییە، ئامارژەی بەوەش کرد، وەزیر لە ئەکاونتی خۆی لە ئینستاگرام ڕایگەیاندووە و هۆکارەکانیشی هێشتا دیار نییە! سەرنج بدەن، ئێمە لێرەدا باسی وەزیرێک لە ڕژێمی مەلاکان دەکەین، نەوەکو وەزیری دەرەوەی وڵاتێکی بیانی، کە دەتوانێت ئینستاگرام، بکاتە هۆکاریک بۆ داڕشتن و دیاریکردنی سیاسەتەکانی، بە سەر ناوەوە و دەرەوەدا. بە چاوپۆشین لە پاساوە پیوارەکانی ئێران، بۆ دەست لەکار کێشانەوەکە، گەڕان بە دوای هۆکارەکان، بەڕەو هەندێ باندۆرمان دەبات، لەوانە ئەو هەڤپەیڤینەی ڕۆژنامەی (جمهوری ئیسلامی) لایەنگری بالی تونەڕەو لە ڕژێمی مەلاکاندا،لەگەڵی ئەنجامی داوە، کە تێیدا دووپاتی دەکاتەوە، "ململانێی نێوان پارت و لایەنەکان لە ئێران، کاریگەری ژەهری کوشندەی بەسەر سیاسەتیی دەرەوەی ئێراندا هەیە"، منیش وەکو خۆم نەهێنی ئەو ژەهرە و پەیوەندی بە دبلۆماسیەتی ئێرانەوە نازانم، خومەینی پێشتر ڕازیبوونی بە ڕێکەوتنی جەنگ لەگەڵ عێراق بە (نۆشکردنی ژەهر) وەسف کردبوو. ئێستاش زەریف، ململانێی نێوان دەسەڵاتدارانی ڕژێمی مەلاکان، بەوە وەسف دەکات، کاریگەری ژەهرێکی کوشندەی هەیە، پێدەچێت ئەو ڕژێمە خۆی بۆ نۆشکردنی ژەهرێکی دیکە ئامادە دەکات، کە لەوانەیە ملکەچبوون بۆ هەڕەشەکانی سەرۆک ترەمپ و گۆڕینی ڕێڕەوەکە بێت، بەڵام دوای دۆزینەوەی ڕێگەیەکی گونجاو، بۆ دەرچوون لە ملی شووشەکە، کە مەلاکان خۆیان لەنێویدا دۆزیبووە، لەوتەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی کشاوەتەوە. هەندێک لێدوانەکانی زەریفیان، کردە خاڵی دەرچوون بۆ شرۆڤەکردنی هۆکارەکانی دەست لەکار کێشانەوەکەی، پێیان وایە، لەچەند کەسێکی نێو ڕژێمەوە گوفشار هەیە، نەخاسمە ئەوەی پەیوەستە بە ڕێکەوتنی ئەتۆمی واژووکراو لەنێوان مەلاکان و کۆمەڵەی پێنج کۆ یەکدا. زەریف پێی وایە، سیاسەتیی دەرەوەی ئێران، دەبێت لە ململانێی پارت و لایەنەکان بەدوور بێت، بەڵام خۆی یەکەم کەسیشە کە دزانێت، ڕژێم ڕێگەی پێ نادات، لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەدا، بە تەنیا هەڵسوکەوت بکات. خاڵێکی گرنگی دیکەش هەیە، کە ڕاڤەی ئەوە دەکات، لەبەرچی ڕوحانی بە دەست لەکار کێشانەوەکەی زەریف ڕازی نەبووە، ئەوەش ئەوەیە، عەلی نەجەفی خۆشرودی، وتەبێژ بەناوی لیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتیی دەرەوە، لە ئەنجومەنی شورای ئێران، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی:"زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان، نامەیەکیان بۆ ڕوحانی ناردووە و تێیدا داوا دەکەن، زەریف لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە"، مانای وایە سەرۆک ڕوحانی، خاوەنی بڕیاری ڕەتکردنەوەی دەست لەکار کێشانەوەکە نەبوو، بەڵکو مەسەلەکە هەموو (نواندنێکە)، بۆ بەخشینی جۆرێک لە دامودەزگایی بەسەر ڕژێمە مەلاکان و، ئەنجومەنی شوراش ڕۆڵ و بۆچوونی لە بڕیارە گرنگەکان، لە ژیانی سیاسیی ئێراندا هەیە! بە چاوپۆشین لە ڕەتکردنەوەی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە، ژینوار دووپاتی دەکاتەوە، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕەوشی نالەباری ڕژێمی مەلاکان و ئەو دەست لەکارکێشانەوەیەدا هەیە، زەریف پێی وایە "لە میانی دانوستانەکانی ئەتۆمیدا، گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانی، ئایەتوڵلا عەلی خامەنەئی، ڕابەری باڵا و بەرزترین دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا بووە"، هەروەها " کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنەکە، دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی ئەمریکا دۆنالد ترەمپ و، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی جۆن بۆڵتۆن، نەوەکو ڕوحانی"، ئەوەش بەرووڕی دەری دەخات، کەسانێک هەن، کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنەکە، دەخەنە ئەستۆی ڕوحانی، ئەوەش مانای وایە، ڕژێمی ئێران پێی وایە، لەوتەی ئەمریکا کشاوەتەوە، ڕێکەوتنەکەبە مردوو دادەنرێت، ئەوەش مانای بەڕیابوونی ململانێیەکی بەهێز لەنێوان سەرانی ڕژێم دەگەینێت، بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵی ئەتۆمییەوە. بۆ من، وەکو توێژەرێکی ئاگادار لە ڕۆژهەڵی ئێران، وا دێتە بەرچاوم، کەسانێک هەن دەیانەوێت ڕوحانی و زەریف بکەنە قوربانی، وەکو بەرانی قوربانی شکستهێنانی ڕێکەوتنی ئەتۆمی پێشکەشیان بکەن، هەموو ئەوانەش باش دەزانن، ئەو دووانە بنیاتنانی هەڵوێستێکی لەو جۆرەیان – واژووکردن لەسەر ڕێکەوتنی ئەتۆمی لە ساڵی 2015 بەدەست نییە، ئەگەر لەلایەن ڕابەری باڵاوە، گلۆپی سەوزیان بۆ هەڵنەکرێت، بەڵام هەموو لە ڕەخنەی ڕابەری باڵا، خاوەن بەهێزترین مشت لە ڕژێم دەترسن و، کار لەسەر پێشکەشکردنی بەرانی قوربانی، بۆ شکستهێنانی سەرشۆڕانەی ڕێکەوتنی ئەتۆمی دەکەن، بۆ ئەوەی ڕژێم بەرامبەر گەلی ئێران، ئابڕووی نەچێت!

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.elaph.com

چەمکی سیاسی

Radicalism ڕادیکاڵیزم

لە زمانی عەرەبی ئەم وشەیە مانای (ریشەیی) دەگەیەنێ و ریشەییەکان یان ڕادیکاڵەکان ئەوانەن کە دەخوازن سیستمی کۆمەڵایەتی لە ڕەگوڕیشەوە بگۆڕن .
ئەمڕۆش ئەم چەمکە زیاتر دەدرێتە پاڵ ئەو تووندڕەوانەی لە زۆربەی حالەتەکاندا چەپخوازن ، هەندێک جاریش ئەوانەی ڕاستڕەون . بە شێوەیەکی گشتیش وشەی (ڕادیکاڵی) بۆ هەر چاکسازیەکی بنەڕەتی و ریشەیی بەکاردەهێنرێ .



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1555:
کۆلۆنیای بلنسیەی ئەمەریکی دامەزرێنرا ، ئەمڕۆش ئەو کۆلۆنیایە بە ڤەنزویلا ناو دەبرێ .



سالی 1802:
پەیماننامەی ئاشتی ئەمیان لە نێوان فەرەنسا و بەریتانیا و ئێرلەندا مۆر کرا .



سالی 1821:
سەربەخۆیی یۆنان ڕاگەیەنرا .



سالی 1865:
شەڕی ناوخۆ لە ویلایەتی ڤەرجینیای ئەمەریکا بەرپا بوو .



سالی 1918:
کۆماری میللی بیلاروسیا دامەزرا .



سالی 1975:
فەیسەڵی کوڕی عەبدولعەزیزی شای ئەوکاتەی سعودیە لە نوسینگەکەی خۆی لەلایەن برازاکەیەوە تیرۆر کرا .

بریگزت

کۆمەڵێک بژاردە و چارەسەرێکی ئاڵۆز



ئا: هەندرین شێرزاد

لە دیمەنێکدا کە تیایدا هەموو بژاردەکانی بەردەم بریگزت ئاڵۆز دێنە بەرچاو ، ئەنجوومەنی عمومی بەریتانی لە ناوەڕاستی یەنایەری رابردوو بە زۆرینەی 432 دەنگ ڕێککەوتنی کشانەوەی وڵاتەکەی لە یەکێتی ئەورووپا ڕەت کردەوە ، بەمەش هەریەکە لە تریزا مەی و حکومەتەکەی دووچاری تەنگژەیەکی سیاسی بوونەوە ، هاوکات داوایان لێکرا پلانێکی دیکە دابڕێژن و جارێکی دیکە لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا بکەونەوە گفتوگۆ و دانوستان ، ئەمەش لە کاتێکدایە لایەنی بەرامبەر ڕازی نیە گفتوگۆی دیکە لەوبارە ئەنجام بدات .

یەکەم : بەربەستەکانی بەردەمی بریگزت

لە ڕووی یاساییەوە ، ئەگەر تا ڕۆژی 29ی ئاداری 2019 ڕێککەوتنێک دەربارەی چوونەدەرەوە لە یەکێتی ئەورووپا لە ئارادا نەبێ ، ئەوە دوای ئەم ڕێکەوتە بەریتانیا بە فەرمی لە یەکێتی ئەورووپا دەچێتە دەرەوە ، ئەوە ئەگەر مادەی ژمارە 50ی پەیماننامەی لشبۆنە لانەدرێ یان هەموار نەکرێ . لە کاتێکیشدا ئەگەر بەریتانیا بەبێ بوونی ڕێککەوتنێک بچێتە دەرەوە ، ئەو وەختە لە بواری بازرگانی لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا ، هەردوولا ڕووبەڕووی کێشە و گرفت و زەرەری دارایی گەورە دەبنەوە .بە گوێرەی دریژیی ماوەی گفتوگۆکردن ، ژمارەیەک بەربەست هاتوونەتە بەردەمی بریگزت ، لەوانە:

دابەشبوونی حکومەت و پارتی دەسەڵاتدار :

لەوەتەی تریزا مای دەسەڵاتی وەرگرتووە ، حکومەتی بەریتانیاش دووچاری دابەشبوونێکی ناوخۆیی بۆتەوە ، تەنانەت مەسەلەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە توانای ئەوەی نیە لە گفتوگۆکاندا سیاسەتێکی یەکگرتوو بگرێتەبەر .مەسەلەکەش زیاتر پەیوەندی بە بوونی سێ ڕەوتەوە هەیە لەنێو حکومەت و پارتی پارێزگاراندا ، ئاراستەی یەکەم پێی باش بوە بەریتانیا لەنێو یەکێتی ئەورووپا بمێنێتەوە و لە ڕاپرسیەکەی ساڵی 2016ش دەنگیان بۆ مانەوە دا .ڕەوتی دووەم لەلایەن باڵە تووندڕەوەکەی نێو پارتی پارێزگاران نوێنەرایەتی دەکات و هەر ئەوان داوای چوونەدەرەوەی وڵاتەکەیان کرد و سەرپەرشتی هەڵمەتەکەشیان کرد . ڕەوتی سێیەمیش دەخوازێ بەریتانیا بەشێوەیەکی هێمن لە یەکێتی ئەورووپا بچێتە دەر ، یان بەریتانیا پەیوەندیی بازرگانی وا بونیاد بنرێ کە لە بەرژەوەندی وڵات دابێ .

نەبوونی زۆرینەیەکی یەکگرتوو لەنێو ئەنجومەنی عمومدا :

لەنێو پەرلەمانی بەریتانیادا زۆرینەیەک هەیە ڕازی نیە بەوەی وڵاتەکەی بەبێ بوونی ڕێککەوتنێک لە یەکێتی ئەورووپا بچێتە دەرەوە ، بەڵام ئەم زۆرینەیە بەسەر حکومەت و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن دابەش بووە و نە بە پلانەکەی مەی ڕازیە ، نە متمانەشی بە پارتی کرێکاران بەخشیوە لەوەی حکومەتێکی تازە پێکبهێنرێ بۆ ئەوەی دووبارە سەبارەت بە چوونەدەرەوە بکەوێتە گفتوگۆ .

جیاوازیی بەرژەوەندیی لە نێوان کەرتەکاندا :

شانشینی یەکگرتوو جگە لە جەبەل تاریق لە چوار کەرتی سەرەکی پێکدێت کە وێڵز و ئینگلتەرا و سکۆتلەندا و ئێرلەندای باکوورن . ئەم کەرتانە لە ڕاپرسیەکەی ساڵی 2016 جیاواز بوون دەربارەی دەنگدان سەبارەت چوونەدەرەوە بکەن .

دووەم : هەڵوێستی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن :

دانیشتنەکانی مانگی یەنایەری ڕابردووی پەرلەمان و دەنگدان لەسەر بریگزت و بەخشینی متمانە بە حکومەت و دواتر دەنگدانەکەی دانیشتنی ڕۆژی 29ی هەمان مانگ دەرخەری ئەوەن کە پارتە سەرەکیەکانی بەریتانیا لەنێو خۆیاندا خاوەنی سیناریۆ و دیدگایەکی هاوبەش نین ، لێرەدا هەڵوێستی ئەو پارتانە یەکگرتووی ئەورووپادا ببینێتەوە ، بەو پێیەی بەریتانیا لە هەناردەکانیدا بە ڕێژەی 44% پشت بە وڵاتانی ئەورووپا دەبەستێ . سەبارەت بە دەنگدانیش لە ڕاپرسیەکەی 2016 پارتی کرێکاران بۆ سەر دوو بەرە دابەش بوون ، بەشێکیان بە بەڵێ و بەشێکی دیکەش بە نەخێر دەنگیان دا .

هەروەها هەوڵ دەدات ڕاپرسیەکی تازە یان هەڵبژاردنێکی پێشوەخت دەبێتە هۆی دابەزینی داهاتی ناوخۆیی سکۆتلەندا بە بڕی 12.7 ملیار جونەیە .

پارتی یەکێتیخوازی ئێرلەندی :

– بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بریگزت نیە .

– پێی وایە چوونەدەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا زیانێکی ئابووری گەورە بە ئێرلەندا دەگەیەنێ .

– ڕایگەیاندووە کە جەختکردنەوە لەسەر بریگزت دەبێتە هۆکارێک بۆ ناسەقامگیریی سیاسی و بەرزبوونەوەی داواکاریی جیابوونەوە لە شانشینی یەکگرتوو .

پارتە بچووک و سەربەخۆکان :

هەریەکە لە پارتی سەوزی وێڵزی و لیبرالیخوازی دیموکراتی و سەربەخۆکان کە خاوەنی 17 کورسین لە پەرلەمانی بەریتانیا بریگزتیان ڕەت کردۆتەوە و تەنیا 3پەرلەمانتار دەنگیان بۆ داوە .

سێیەم : بژاردەکان دووبارەکردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا :

تیریزا مەی سەرۆکوزیران ڕایگەیاند کە بەنیازە پلانێکی دیکە بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی دەنگی لەبارەوە بدرێ .هاوکات سەردانی بڕۆکسل دەکات بە مەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆ و وەرگرتنی تەنازولی دیکە لە یەکێتی ئەورووپا بە جۆرێک پەرلەمانی ئەورووپا پێیان ڕازی بێ .

ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی کرێکاران:

بۆچوونێک هەیە دەربارەی ئەوەی تیریزا مەی بەنیازی گەیشتنە بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ پارتی کرێکاران دەربارەی ڕازیبوون بە ڕێککەوتنە هەموارکراوەکەی ، بەمەش مەی لانی کەم پێویستی بە دەنگی سەد پەرلەمانتاری سەر بەو پارتە هەیە ، ئەمەش بەرامبەر ڕازیبوونی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێک پاش دەرکەوتنی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا .

هەموارکردنەوەی ڕێککەوتنی هەینی پیرۆز:

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی دەیلی تەلگراف ، تیریزا مەی بەنیازی هەموارکردنەوەی هەندێک لە مادەکانی ڕێککەوتنی هەینی پیرۆزە ، بە جۆرێک ببێتە مایە زامنکردنی کرانەوەی سنوورەکانی نێوان کۆماری ئێرلەندا و ئێرلەندای باکور ، بەو پێیەی هێشتا ئەو مەسەلەیە یەکلا نەکراوەتەوە.

ڕاپرسی دووەم یان مانەوە :

لە مانگی دیسەمبەری ڕابردوو ، دادگای دادی ئەورووپی لە بڕیارێکدا مافی ئەوەی بە بەریتانیا بەخشی کە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا ڕێککەوتنی بریگزت وەلا بنێ و لە چوونەدەرەوە پەشیمان بێتەوە. لە لایەکی دیکە، مەسەلەی ئەنجامدانی ڕاپرسی دووەم وەک بژاردەیەکی ناوەند دەمێنێتەوە و زۆرێک لە پەرلەمانتارانی پارتی کرێکاران و هەندێک لە پەرلەمانتارانی پارتی لیبرالیخوازی دیموکرات پشتگیری لێدەکەن .



ئەنجام بدرێ .

پارتی نەتەوەیی سکۆتلەندی :

مانەوە لە چوارچێوەی یەکێتی ئەورووپا .

شکستهێنان لە مانەوە لە نێو بازاڕی یەکگرتووی ئەورووپا

پارتی کرێکاران :

دەخوازێ یەکێتیەکی گومرگیی تازە لە نێوان بەریتانیا و یەکێتی ئەورووپا دابمەزرێنرێ . و وڵات لەنێو بازاڕی

بە چوونەدەرەوە، سکۆتلەندا بە ڕێژەی 62%دەنگی بۆ مانەوە لەناو یەکێتی ئەورووپا دا ،ئێرلەندای باکوریش بە ڕێژەی 55.8% بۆ مانەوە و وێڵز بە ڕێژەی 52.5% بۆ مانەوە و ئینگلتەرا بە ڕێژەی 53.4%بۆ چوونەدەرەوە . ئەمەش دەریخست کە چ ناکۆکییەک لە نێوان بەرژەوەندیی چوار کەرتەکەدا هەیە ، لە لایەک سکۆتلەندا داوای ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی دیکەی کرد سەبارەت بە جیابوونەوە لە شانشینی یەکگرتوو ، ئێرلەندای باکوریش بە هەمان شێوە بە بریگزت ڕازی نیە و هەرەشەی جیابوونەوە دەکات .

تووندیی یەکێتی ئەورووپا :

لەنێو یەکێتی ئەورووپادا بۆچوونێک هەیە پێی وایە دەبێ لە پێناوی پاراستنی یەکێتی ئەورووپادا تووندیەک بنوێنرێ سەبارەت بە بریگزت ، چونکە ئەگەر بەریتانیا بە ئاسانی و بە کۆمەڵێک دەستکەوتەوە لە یەکێتی ئەورووپا چوە دەرەوە ، دوور نیە وڵاتانی دیکەش هەمان هەنگاو بنێن و داوای



مانشێت



سکای نیوز:

بومەلەرزەیەک بە گوڕی 5.8پلە لە دوورگەی سولاویسی ئەندەنوسیا ڕوویدا .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات :

لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و بە مەبەستی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکی دیکە دەربارەی بڕیگزت ، ژمارەیەکی زۆری خەڵک هەڵڕژانە سەر شەقام .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

دۆنالد ترامپ بڕیاری دا ژمارەیەک سزا لەسەر کۆریای باکور هەڵبگیرێن .



ئیلاف:

پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) بڕیاری دامەزراندنی پێگەیەکی سەربازی دا لە پۆلەندا .



فرانس 24:

لە مەقادیشۆی پایتەختی سۆمال ، ژمارەیەک چەکداری سەر بە بزووتنەوەی لاوانی تووندڕەو هێرشیان کردە سەر چەند دەزگایەکی حکومی و 15 کەس کوژران .



بی بی سی:

لە دوو ویلایەتی ئەڵمانیا پۆلیس 10 کەسی بە تۆمەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆرستی دەستگیر کرد .

بارودۆخی ناهەمواری جەمسەری بەستووی باکوور پسۆڕانی نیگەران کردووە



کاتێک لە رووداێکی نەخوازراودا دۆزینەوەیەکی گەورە دێتە دەست!

بە پێی دواینی لێکۆڵینەوەکان، دەرکەوتنی هێمای زۆر روون و مەترسیدار لە سەرهەڵدانی گۆڕانکاری و ونبونی کلاوەی سەهۆڵیی جەمسەری باکوور هەیە، کە ئەمەش کاردانەوەی مەترسیدارتری دەبێت لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریاو زەریاکانی جیهان و لە دوای خۆیدا گۆڕانکاریی ئاوو هەوایی سەرتاپایی دەهێنێت، ئەمە جگە لەوەی کەوا بەم دواییە دەزگاو سیستەمەکانی ڕوانگەکردن و تۆمارکاریی ئەو ناوچەیەش دووچاری شڵەژان بوونەتەوە، بەو پێیەی ئەو گۆڕانکاریانە ئێستا چوونەتە نێو قاڵبێکی ئەوتۆ کە هەرگیز پێشبینی ناکرێن و بەشێوەیەکی گشتی ڕوون و نا دیارن.

"ناوچەی جەمسەری بەستووی باکوور دووچاری گۆڕانکارییەکی مەزن و ڕوون و ئاشکرا بۆتەوە بە شێوەیەک کە لە مێژوودا حاڵەتی ئاوای بۆ تۆمار نەکراوە، کە بێگومان، کاردانەوەو کاریگەریی لە ڕادەبەدەری لێدەکەوێتەوە لەسەر جیهاندا"، لەزاری (دێیڤید گرێز)، ئەندامی ڕێکخراوی WMOو بەشداربوو لە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی (ڕێکخراوی کەشناسی جیهانیی -WMO) لە (یەکەم کۆبوونەوەی وەزارییە لەبارەی بارودۆخی ناوچەی جەمسەری بەستووی باکوور) کە بەم دواییە لە نێو (کۆشکی سپی) لە (واشنتۆن) دا ئەنجام درا.

هەروەها گوتی: "ئەو گۆڕانکارییانەی لەو ناوچەیەدا ڕووەدەدن بە شێوەیەکی زۆر خێراترن لەوەی پێشتر پێشبینیمان بۆدەکردن، بۆیە پێویستیمان بە وێستگەی کەشناسی زیاتری دیکە هەیە تا لەو ناوچەیەدا دایانبمەزرێنین لە پێناو یارمەتیدانمان بۆ ڕوانگەکردنی بەردەوامی ئەو گۆڕانکارییانەی لەوێ ڕوو دەدەن، بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵ بدەین لە بواری پێشبینیکردنی گۆڕانکارییەکان و لەهەمان کاتدا بتوانین چارەسەری گونجاو بۆ گرفتەکان بدۆزینەوە."

ڕاپۆرتەکان ئاماژە بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی ناوچەی (ئینوئێیک) ی نزیک (کەنەدا) دەدەن، بەشێوەیەک کەوا لە ماوەی نێوان سالانی 1948 تا ئەمساڵ، بە ڕێژەی 4پلەی سیلیزی بەرزتر بۆتەوە.

هەروەها ڕووبەری کلاوەی سەهۆڵی ناوچەی جەمسەری باکوور لە هاوینی ئەم سالانەی دواییدا یەگجار زۆر کەمتر بۆتەوە بە بەراورد لەگەڵ هاوینی سالانی حەفتاو هەشتایەکان و کەمبوونەوەکەش ئێستا گەیشتۆتە ڕێژەی 40%.

"حاڵی ناهەمواری کەمبوونەوەی ڕووبەرە سەهۆڵییەکانی جەمسەری بەستووری باکوور گەیشتۆتە ئاستێکی ئەوتۆ لە کەمیی و ناسکیدا، کەوا لە کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵدا، پاپۆڕێکی دیکەی گەشتیاریی گەورە لە کۆی چەندانی دیکە، توانی بە سانایی بەنێو (ڕێڕەوی سەهۆڵیی باکووری ڕۆژئاوا) دا بڕوات، ئەمەش واتای توانەوەی زۆر گەورەی ڕووبەرە سەهۆڵییەکانی ئەو ناوچەیە دەگەیەنێت ؟"لە زاری (پیتیری تالاس) ی (ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی کەشناسی جیهانیی WMO).

هەروەها زیاتر گوتی:"ڕاستە بوونەوەی ڕێڕەوێک لە نێو سەهۆڵبەندانی ئەو ناوچەیەو لە ڕووی بازرگانی و گەشتەکاندا سوودی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڕەشەی زۆریش بۆ ژینگەی پاک و بێگەردی جەمسەری بەستووری باکوور دەنێتەوە، بە تایبەتیش هەڕەشەی پاپۆڕەکانی نەوت هەڵگرو ڕووداتی کارەساتەکانی دزەکرن و سووتانی نەوتی خاو لە داهاتوودا."

سەرچاوە: سایتی WMO



ڕووەکی (تیلاندسیا) نهێنییەکی بیابانی (ئەتاکاما) ئاشکرا دەکات

تیمێک لە پسپۆڕانی (شیلی) لە (سانتیاگۆ) ی پایتەختدا، توانیان دووبارە تۆمارەکانی پێشووتری تایبەت بە دیاردەی تەمی (بیابانی ئەتاکاما) نوێ بکەنەوە کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا ، ئەویش بە تێبینیکردن و لێکۆڵینەوەی تایبەت لەسەر ڕووەکێک کە ناسراوە بە (تیلاندسیا).

ئەوەی ئەستەمە لە تۆمارکردنی بڕی تەم بڵندیی تێپەڕبوونیەتی لەسەر ئاستی ڕووی زەوی، واتە نەهێشتنی جێپەنجەی ڕوونی خۆی لەسەر خاک و خۆڵدا، وەک ڕۆیشتنی ڕووبارو کەندو لە تەنانەت زێیە بەستەڵەکییە کۆنەکانیش، بۆیە خوێندنەوەی کاریگەری جێهێڵدراوی تەم لەسەر ڕووبەرەکاندا زۆر ئەستەمە، بەڵام لەمیانەی ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی کیمیایی دەرکەوت کەوا بڕو چڕیی ئەو تەمە بە درێژایی کاتدا زیاتر بووەو ئەم زیادبوونەش لەماوەی **3500** ساڵەی دواییدا ڕووداوە.

(بیابانی ئەتاکاما) بە وشکیی و سەختییەکەی ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە، چونکە لەو ناوچەیدا بۆ ماوەی چەندین ساڵە بارانی لێ نەباریوە، بەڵام تێبینی ڕووەکی (تیلاندسیا) کراوە کەوا بەشێوەیەکی زۆر کارامە خۆی لەگەڵ بارودۆخە سەختەدا گونجاندووە، وە ئەم ڕووەکەش لە جۆری (دڕکدارەکان) ەو ڕەنگی خۆڵەمێشییەو ڕەگی نییەو بەشێوەیەکی زۆر خاو گەش و نما دەکات، بەشێوەیەک کەوا تەواوی پێداویستی خۆی لە ئاو لە شێی هەواو تەمەوە وەردەگرێت و هەر ئەو تەمەش بۆتە هۆکاری سەرەکیی مانەوەی لەم نێوەندە هەرە سەختەدا.



ویلی تایەی لای چەپی پێشەوەی گالیسکەکە کە بۆ خۆ ڕزگارکردندا ئەنجامی دابوو ناوچەیەکی سپی و ڕەنگ کراوە خاکی ژێرەوە دەرکەوتووە کە لەسەر شێوەی شەپۆلی لمیی وایە.

کامێرای پانۆڕامایی (Pan cam) گالیسکەی (سپیریت) و لە ڕۆژانی نێوان 2163تا 2177ی تەمەنی گالیسکەکە لەسەر ڕووی مەریخدا کە هاوکات بوو لەگەڵ (2تا 16ی شوباتی 2010) ی سەر زەوی، چەند وێنەیەکی ڕووی ناوچەکەی ژێر تایەکەی گرت، لەو ناوچەیەدا دوو شوێنگە دەستنیشان کران و ناونران (Olive pit) واتە (چاڵی زەیتون) و (Olive leaf) واتە (گەڵای زەیتون) و بە وردی شیکردنەوەیان بۆ ئەنجام دران و دەرئەنجامەکان ئاشکرایان کرد کەوا تەوژمی با بەدرێژایی مێژوودا چینێکی ئەستووری خۆڵ و لمی کەڵەکەی سەر یەدی کردووەو ئەو کانزایانەی ناتوێنەوە بەشێوەیەکی چڕ لە ناوچەکانی نزیک ڕووی خاکی هەسارەکەوە جێگیر کردووە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی (گۆگردیدی ئاسن) توانوتەتەوە لە چینەکانی ژێرووتردا چەسپاون، ئەم جۆرە شێوازانەو دابەشبوونانەی کانزاو توخمە کانزاییەکان لە ڕێگای کاریگەری ئاوەوە بوون، چونکە تەنها ئاو دەتوانێت هەردوو کرداری تواندنەوەو هەڵگرتن و گواستنەوەی پێکهاتەیەکی وەک (گۆگردیدی ئاسن) لە مێژووی کۆنی هەسارەکەدا ئەنجام بدات، کەچی پێش ئەوەی گالیسکەی سپیریت بگاتە ئەم ناوچەیەو تایەکانی دەست بە هەڵکەندنی ڕووەکەی بکات، ئەم ڕووبەرە خاکییە بە شێوازێکی سادە خۆی نیشان نەدا. دەرکەوتنی ئەم ناوچە ڕەنگ سوورەی چینی خاکی مەریخ لەو شوێنە، ناوچەیەکی دیکەی هێنایەو یادی زانایان کە پێشتر و لە ناوچەیەکی دیکە و بەهەمان شێوە ژ بەڵام بێ ئەوەی بچەقێت ژ ڕووی خاکی مەریخ لە ڕێگای تایەکانییەوەی هەڵکەند و لە پرێکەوە ڕووبەرە خاکێکی ژێرەوەی بریقەداری دەرخست کە زۆر دەڵەمەند بوو بە پێکهاتە گۆگردی و خوێییەکان. بە کۆکردنەوەو بەرواد کردنی هەردوو لایەن، زانایان شک و گومانیان لا نەما کەوا ئەوەی دەبینرێت بریتییە لە ناوچەیەک کە پێشتر لە ژێر یەکێ لەو بارودۆخانە بووە:

ئەو ناوچەیە بەر چەند سەد ملیۆن ساڵێک پێش ئێستا بریتی بووە لە ڕووبەرێکی ئاوی وەک دەریاچەو زۆڵکاو.

ڕەنگە ئەم ناوچەیە بەردوام بارانباوی بووەو زۆر دەڵەمەند بووە بەسەرچاوە ئاوییەکان.


ڕەنگە لافاوی گەورەی ئاو و بەشێوەیەکی بەردەوام لەو ناوچەیە (کە بە چاڵی -Gu sev) ناسراوە ڕوویان دابێت.

تەواوی ئەو سێ لایەنەی سەرووش جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە بە بەخشینی ئەو خەسڵەتانەی کەلە چینەکانی دەرکەوتووی ژێر خاکی مەریخەوە و بۆ یەکەمجار کەوتوونەتە بەر چاوو ئەو ڕاستییەش دەسەڵمێنی و دووبارەش دەکاتەوە کەوا ڕۆژێ لە ڕۆژان و لەسەر ڕووی ئەم هەسارە سوورەدا، ئاوی بەخوڕ ڕێشتوو و دەریاچەو تەنانەت دەریای گەورەی لەسەردا هەبووە، بەڵام بەداخەوە بۆ ئەمڕۆکە تەنها ئاسەوارەکانی ئەم ئاوە مێژوویە لەسەر ڕووی خاکی ووشکبوو و یەگجار ساردو سوڕپدا بۆمان ماوەتەوە.

گەڕان بە دوای ئاسەوارەی ئاو لەنێو هەسارەکانی دیکەی نێو سیستەمی خۆر و پاشکۆیەکانی ئەو هەساردیە، یەکێکە لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی ئاژانس و دەزگا زانستییە ژ فەلەکییەکانی جیهانیی، بەڵام زۆر جار لە ڕێگەی ڕووداو یان حاڵەتێکی چاوەڕوان نەکراودا، ڕاستییەک یان نهێنییەکی گەورەو بەڵگەیەکی ڕوون لەسەر بوونی ئاودا ئاشکرا دەبێت، وەک یەکێ لە ناودارترینی ئەو ڕووداوانە کاتی خۆی بەسەر گەڕۆکی (سپیریت) ی مەریخیدا ڕوویدابوو کە بووە هۆی دەستکەوتنی بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆتەوە کە ئاوی یەک سالّ لە هەوڵی ڕزگارکردنی لەو گرفتەدا، زانایان لە (ناسا) ڕایانگەیاند کەوا تەواوی هەوڵەکانیان بێ سوود بووەو بەم شێوەیە گالیسکەکەیان تا هەتایە لە نێو ئەم چاڵە بچووکەدا مایەوە، بەڵام ئەمە کۆتایی مەسەلەکە نەبوو!

لە یەکێ لەو وێنە دڵڕفێنانەی کە لە ڕێگای کامێرا ووردو هەستیارەکانی ئەم گالیسکەیەدا گیراوەو لە دەرەنجامی خولانەوەی بەهێزی

ئاو پێکهاتەیەکی سەرەکی مانگە



هەوڵەکانی پێشووتری ئاژانسی ناسا بۆ دۆزینەوەی ئاو لەسەر هەسارەیەکی وەکو (مەریخ) دەرەنجامی زۆر گەورەی لێکەوتەوە، ئەوەتا، یەکێ لەو دەستکەوتە مێژوویانە دەریخست کەوا تەنها لە قولاییەکی چەند سانتیمەتری ژێر خاکی مەریخدا، عەمبارێکی گەورەی ئاوی لەسەر شێوەی سەهۆڵدا دۆزییەوە، ئەوەش لەڕێگای گالیسکەی Mars Phoenix Lander لە کۆتایی هاوینی ساڵی 2008 بوو.

ئەمجارەیان ناژانسی (ناسا) بەڵگەی نوێیان کەوتە دەست لەسەر بوونی ئاو لەژێر قولاییەکی زۆر کەم لەسەر ڕووی مانگدا و لەهەندێ شوێنی دیکەش لەسەر شێوەی سەهۆڵ لەنێو قوڵایی چاڵە نەیزەکییەکانی جەمسەکانی باکوور و باشووری مانگدا. ئەم دۆزینەوەیەش دوای ئەوە هات کە مانگی دەستکردی تایبەت بە ناسا ی ناسراو بە (لونار ریکۆنیزانس ئۆربیتەر - LRO) و هەروەها لەڕێگای دۆزینەوەکانی مانگی دەستکردی هاوبەشی ئەمریکی ژ هیندی ناسراو (شاندرایان - 1) کە بە هەردووکیان توانیان بڕێکی زۆر لە تەخمی هایدرۆجین لەسەر ڕووی مانگدا بدۆزنەوە.

پرۆسەی سەرەکی کاری مانگی دەستکردی (L.R.O) بریتییە لە خولانەوەی بەردەوام بەدەوری مانگ و کێشانی نەخشەی تۆپۆگرافی زۆر ورد بۆ پێکهاتەکانی سەر ڕوویدا و لەپاشان کۆکردنەوەی ئەم نەخشانەو پێکەوە بەستانیان بۆ بەرهەمهێنانی نەخشەیەکی زۆر وردی ڕووی مانگ، لە میانەی ئەم پرۆسەیەو لەو کاتەی ئەم مانگە دەستکردە بەسەر ناوچەکانی جەمسەری و لەبەرزایی نزیکەی 500 کیلۆمەتردا دەفڕی ،کە ئەم ناوچانەش هەرگیز تیشکی خۆریان پێناکەوێت بڕێکی زۆری پێکهاتەی هایدرۆجینی زۆر سارد و بەستووی دۆزییەوە. بوونی هایدرۆجین مانایەکی دیکەیە بۆ بوونی ئاوی بەستوو لەو ناوچە جەمسەرییانەدا.

"زانیارییە وەدەستهاتووەکانی تایبەت بە گالیسکە هیندییەکە دەیچەسپێنێ کەوا سەهۆڵی ئاو لەسەر ڕووی مانگدا هەیە و خاوەن چڕێتییەکی زۆرەو بەتەواوەتی لەناوچە نزیکەکانی جەمسەری بەستووی باکوور و باشووری مانگدا چەسپاون" بە گوتەی لێکۆڵەر (کارڵ پیتەرز) لە زانکۆی بڕاون. لایەنێکی دیکەی بوونی ئاو لەسەر ڕووی مانگ لە نێو ئەو ملیۆنەها چاڵە گەورەو بچووکانەیە کە ڕوویان داپۆشیوە و تیرەیان لە نێوان 1 سانتیمەتر و 300 کیلۆمەترە و لەسەرتاپای ڕووی مانگدا پەرش و بڵاوبوونەتەوە. کامێرای زۆر وردبینی گالیسکەی (L.R.O) توانی بڕێکی یەگجار زۆری سەهۆڵی ئاو لەنێویاندا بدۆزێتەوە."ئێستا ئێمە چاک دەزانین کەوا لەژێر قولاییەکی زۆر کەمی ئەم چاڵە نەیزەکیانەی سەر ڕووی مانگ سەهۆڵی ئاو هەیە، ئەمەش دوای دۆزینەوەی ناوچەی تاریکی ڕەنگ شینی قوڵ لە نێو ئەو زنجیرە دیمەنانەی کە بۆ ڕووی مانگ وەرگیرابوون و گشتیان هێما بۆ ڕاستی بوونی ئاو دەدەن و ئەم ناوچە تاریکانەش بەڵگەی سەد دەر سەدن!"ئەمەش بە گوتەی خاتوو (میگان کەنەدی) ی ئەندامی تیمی بەڕێوەبردنی کامێرای ووردبینی گالیسکەی ناوبراو لە (دەزگای سیستەمی مالینی بۆشاییگەری)

cyan magenta yellow black File: p.15 fl ` Æ˝ ” 3



هەرکاتێک گواردیۆلا یاریزانێک بکڕێت نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە

ئۆلی هونیس سەرۆکی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی بۆ ئەو بۆندانە گێڕایەوە کە گواردیۆلا لەگەڵ ئەستێرەکان ئەنجامی دەدات.

رۆژنامەی The Sun لەزاری سەرۆکی یانەی بایرن میونیش لە کۆنگرەی ئابووری گواستویەتییەوە و دەڵێت، گواردیۆلای هاوڕێم بۆی گێڕامەوە کە چۆن ئیدارەی یانەی مان سیتی دەکات؟

گواردیۆلا بە هونیسی گوتووە هەرکاتێک بیەوێت بۆندێک لەگەڵ یاریزانێک بکات کە نرخەکەی لە سەرووی 100ملیۆن یورۆ بێت، ئەوا قیدیۆکانی ئەو یاریزانە کۆدەکاتەوە و نیشانی شێخ مەنسوری سەرۆکی یانەی مان سیتی دەدات کە سەرچاوەی پارەکەیە.

هەروەها لە رۆژانی دواتر شێخ مەنسور نرخی نەوت لەبازارەکانی جیهان بەرز دەکاتەوە لە پێناو قەرەبو کردنەوەی ئەو پارەیەی بەو یاریزانەی داوە.

ئەمڕۆ لە پاڵاوتنەکانی یوروی 2020

ئەمشەو 7یاری لە گروپەکانی (A-B- H)ی پاڵاوتنەکانی یوروی 2020 بۆ تۆپی پێ بەڕێوەدەچێت، کە سەرجەمیان کاتژمێر 10:45 بەکاتی هەولێر بەڕێوەدەچێت، جگە لەیارییەکەی تورکیا و مۆلداڤیا نەبێت کە کاتژمێر 8:00 بەڕێوەدەچێت، یارییەکان بەمشێوەی خوارەوەیە:

تورکیا- مۆلداڤیا
فڕەنسا- ئایسلاند
پورتوگال- سڕبیا
مۆنتینیگرۆ- ئینگلتەرا
کۆسۆڤۆ- بولگاریا
لۆکسمبۆرگ- ئۆکراین
ئەندۆرا- ئەلبانیا

ڤالڤێردی بۆ یارییەکەی دێربی کەتەلۆنیا نیگەرانە



دوای وەستانی بۆهۆی یارییە نیودەوڵەتییەکان، یانەی بەرشلۆنە خۆی بۆ یاریی دێربی کەتەلۆنیا بەرامبەر ئیسپانیۆل ئامادە دەکات کە شەممەی داهاتوو لەسەر یاریگای کامپ نو لە هەفتەی 29ی لالیگا بەیەک دەگەن.

ڤالڤێردی خۆی بۆ ئەو یارییە ئامادە دەکات بێ ئەوەی دڵنیا بێت لە بەشداری کردنی سیانەکەی یانەکەیان کە بریتین لە مێسی و سوارێز و دیەیلی، کە ئەمەش نیگەرانی کردووە ئەگەرچی لە یاریی پێشوەتریان 0-4 لێی بردبوونەوە.

چارەنووسی گۆڕتوا مەترسیدارە

بەرپرسانی یانەی ریال مەدرید زۆر نیگەرانن لە ئاستی خراپیی تیبو کۆرتوای گۆڵچی کە ئێستا بە کاتێکی خراپ و مەترسیداردا تێپەر دەبی.

ئەگەرچی کۆرتوا توانیوەتی پارێزگاری لە شوینی خۆی بکات وەک گۆڵچی سەرەکی یانەکە، بەڵام نەیتوانیوە پشتیوانی یانەکەی بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش چارەنووسی دەخاتە مەترسییەوە، بەم دواییەش بەرپرسانی میرینگی گلەیی زۆر ئاراستەی ئەو گۆڵچیە بەڵژیکییە دەکەن کە وەک پێویست پابەند نییە بە مەشقەکانی یانەکەی و هەر جارەی بیانویەک دەبینیتەوە.



لەپەراویزی پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی
بۆ خوێندنەوە و وەرزش هانیان بدەن



هاوار مورتکەیی

نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی سەری ساڵی نوێی کوردی و جەژنی نەورۆز پەیامێکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە، لەنێو برگەیەکی پەیامە پیرۆزباییەکەیدا ئاماژەی بە خاڵێک کرد کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەردا بکەین، کاتێک گوتی:

داوا لە دایک و باوکان دەکەم کە زیاتر لە جاران وریای هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان بن و بەرامبەریان نەرم بن و لەسەر هێوری نەرمی لەمامەڵەکردندا رایانبێنن، ئاگاداری تەندروستیان بن و بۆ خوێندنەوە وەرزش هانیان بدەن.

ئەم دوو چەمکە ئەگەر لێی وردببینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چەند رۆڵ دەبینێت لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دروست، رۆشنبیری کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا پشت بە تاکی خوێندەوار دەبەستێت، تۆڕێنەوەکان ئەوەیان روون کردۆتەوە کە خوێندن هێزێکی کاریگەر بەرهەم دەهێنێت بۆ دروستکردنی نەوەیەک کە رۆڵیان هەبێت لە پێشخستنی ولاتیاندا.

سەبارەت بە وەرزشیش کە نێچیرڤان بارزانی داوای لە دایکان و باوکان کرد هانیان بدەن بۆ وەرزش کردن، دەبینین لە تۆڕێنەوەکانی پێشوودا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە وەرزش هۆکاریکە بۆ لاری لەش و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی نەخۆشی تووش بوون بە شەکرە و نەخۆشی دڵ، بەڵام بەمدواییە دەرکەوتووە کە وەرزش سوودی زۆر زیاتری هەیە لەوەی کە ئاماژەی بۆ کراوە، کە چالاکی جەستە دەبێتە هۆی چالاککردن و بەهێزکردنی میشک هەروەها بەرهەلستی کردن لە بیرچوونەوە.

لێرەدا سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەردەکە (نەخۆشی) نیشان دەکات کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو بارودۆخەی لەم چەند ساڵەی دوایی بەسەر میللەتەکەماندا هات، کاریگەری بەشێوەی جۆراوجۆر کاری کردە سەر ژیانی خەڵک بەتایبەتی لە رووی دەروونییەوە کاریگەری خراپی جێهێشتووە، لەهەمان کاتیش بۆ چارەسەری ئەمەش دەوایەکەی (چارەسەری) دیاری کردووە کە دەڵی هانی منداڵەکانتان بدەن وەرزش بکەن.

تۆڕێنەوەکان دەریانخستووە کە وەرزشوانێکی دروست ئەو توانایەی لە کاتی وەرزش کردندا لای بەرجەستە دەبێت، کە دەتوانێت بەسەر هەڵسوکەوتەکانیدا زال بێت و تورەییەکەی نەتوانێت بڕیاری هەڵەی بەسەردا بسەپێنێت، هەمیشە وا لە میشک دەکات کە بەچاوی هاورێیەتییەوە سەیری رکابەرەکەی بکات، دەبینین کەسی وەرزشوان هەمیشە بایەخ بە تەندروستی و خۆراک و لاری لەشی دەکات، ئەمانە هۆکار دەبن بۆ ئەوەی وەرزشوان بەئامانجەکانی بگات، هەر مرۆڤێکیش ئەمانەی تیا بەرجەستەبوو، هەمیشە میشکی ئارام دەبێت و پەنا بۆ کارێک نابات کە زیان بەدەروروبەرەکەی بگەیەنێت، هەر لەم سۆنگەیەشەوە نێچیرڤان بارزانی پێمان دەڵێت کە هانی نەوەکانمان بدەین وەرزش بکەن و بخوێنن.

مۆرینهۆ:
دوای رۆیشتنم لە مان یونایتد 4 یانەم رەتکردۆتەوە

خۆزی مۆرینهۆ راهێنەری پێشووی یانەی مان یونایتدی ئیگلیزی رایگەیاند کە بەنیازە لە هاوینی داهاتوو بگەڕێتەوە سەر ئەرکی راهێنەرایەتی و گوتی: تا ئێستا یانەیەکم بەدیاری کراوی لە میشکدا نییە، من دەزانم چیم دەوێت، هەر بۆیەشە تا ئێستا چاوەڕوانم کردووە.

هەروەها ئەو راهێنەرە زیاتر گوتی: لەوکاتەی یانەی مان یونایتدم جێهێشتووە لەوکاتەوە تا ئێستا داواکاری چوار یانەی جۆراوجۆرم رەتکردۆتەوە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 25. Mar. 2019 No: (5716)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



فۆتۆ: خدر گەزنەیی

خدر خۆشناو: هونەری ئەمڕۆ تەنها کات بەڕێکردنە....

ئەمڕۆ لە دە هونەرمەند، نۆیان کەس نایانناسێت



خەبات – سەید فخرالدین:

هونەر هەمیشە پەیامێکی پێرۆزی لە ناوەڕۆکی خۆیەوە کۆکردۆتەوە، کە ئەویش پەیامی خۆشەویستی و وەفاو مۆڕاڵە، ئەوانەی لە جیلی هەشتاکانن هەمیشە گلەیی و گازندەی ئەوە دەکەن، کە هونەر تاموچێژی جارانی خۆی لە دەستداوە. شاری هەولێر بە ئەندازەیی دێرینی خۆی هونەرمەندی خاوەن دەنگی ڕەسەنی لەخۆ گرتووەو یەکێک لەو هونەرمەندانە (خدر خۆشناوە)، ناوبراو لە سالی **1961**لە گەڕەکی خانەقای شاری هەولێر لە دایک بووەو ئەو خۆی بۆ ڕۆژنامەی خەبات دانی بەوە دانـاوە کە هەر لە هەرەتی لاویەتی حەزو خولیای بۆ گوتنی گۆرانی هەبووە، بەڵام کەس هاندەری نەبووە تاوەکو بگات بە مەرامی هونەری خۆی. (خدر خۆشناوە)، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژیانی منداڵی و گەنجایەتی خۆی لەگەڵ هاوڕێیەکانی لە باخچەی گلکەند، کە ئێستا بۆتە پارکی شانەدەر بەسەر بردووە، لەویش وەک (خدر خۆشناوە)، دەڵێ لەگەڵ هاوڕێیەکانی بە تەپڵ گۆرانی و بەندیان دەگوت و شاییان دەکرد. لە ساڵی **1974**یەکەم گۆرانی کە دەستی پێکرد، گۆرانی(ئەی دڵ ڕۆیی) لە دانان و دەرهێنانی مامۆستا عەبدوڵا خۆشناو بوو، مۆزیک ژەن مستەفا ڕەنجەڕۆی خوا لێخۆشبوو ئەنجامی داوە. پاشان برادەران زۆر هاوکاری بوون و شەش گۆرانی دیکەی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمارکرد. لەوە بە دواش ناوبانگی (خدر خۆشناوە)، بڵاوبۆتەوە. (خدر خۆشناوە)، دووپاتیدەکاتەوە کە زیاتر گوێ لە گۆرانیبێژانی ڕەسەن دەگرێت وەک مامۆستا (تاهیر تۆفق، حسن زیرەک، ماملی، ناسری ڕەزازی). دەربارەی هونەری ئەمڕۆش ئەوە (خدر خۆشناوە)، دەڵێ: هونەری ئەمڕۆ تەنها کات بەڕێکردنە. ئەمڕۆ لە دە هونەرمەند، نۆیان کەس نایانناسێت، هەر خودی هونەرمەندەکانیش هیچی وا لەبارەی هونەرەوە نازانن و زانیاری هونەریان زۆر لاوازە. بۆیە پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری بیرێک لەم مەسەلەیە بکاتەوە و کۆنترۆلی ئەم دۆخە ناڵۆزەی بازاری هونەری بکات .

(خدر خۆشناوە)، ئێستا وەک پڕۆژەی هونەری سەرقاڵێ سرودێکە بەناونیشانی (کێ پێویستە بۆ کوردستان، بارزانی) کە ئاوازەکەش هەر هی خۆیەتی و هۆنراوەی غالب رفیق سالەییە سپێنسەری سەباح زێبارە و موزیک هۆگر سەعیدەو لە تەلەفزیۆنی قەڵات تۆمارکراوە .

تیپی شانۆی هاوار

خەڵاتی ئاڵتوونی تونسیان هێنایەوە بۆ کەرکووک



خەبات: ئارام شێرکۆ

تیپی شانۆی هاوار خەڵاتی ئاڵتوونی فستیڤاڵی شانۆی سەر شەقامیان هێنایەوە بۆ کەرکووک توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێ کە چەندین وڵاتی عەرەبی تێدا بەشدار بوون ئەمانیش تاکە تیپی شانۆکاری بوون کە بانگهێشتی ئەو فستیڤاڵە نێو دەوڵەتیە کرابوون لە سەر ئاستی هەموو عێراق.

نەژاد نەجم سەرپەرشتیاری تیپی شانۆی هاوار لە لێدوانێکدا گوتی:

کە ئێمە وەک تیپی شانۆی هاوار بەشداریمانکرد لە فستیڤاڵی شانۆی سەر شەقام کە لە وڵاتی تونس بەرێوە چوو سوپاس بۆ خوا کە توانیمان پلەی یەکەم دەستەبەر بکەین و خەڵاتی ئاڵتوونی بێنینەوە بۆ شاری کەرکووکی خۆشەویست.

نەژاد گوتیشی:

ئێمە بە شانۆگەری " بێسنووری " لە نووسینی هیوا ئەسعد بەگی وڵە دەرهێنانی نەژاد نەجم بەشداریمانکرد، کە لە سەر ئاستی عێراق تاکە تیپی شانۆیی بووین بانگهێشتی ئەو فستیڤاڵە کرابووین لە ئێستاشدا بە نیازین بەشداری لە چەند فستیڤاڵێکی تر بکەین ئەگەر هاوکاری بکرێین لە وڵاتی مەغریب و میسر.

هەروەها گوتی: هەشت وڵاتی عەرەبی بە 13شانۆگەری بەشداریان لەو فستڤاڵەدا کرد بوو سوپاس بۆ خوا توانیمان بە سەرکەتوویی بگەڕێینەوە بۆ شارە خۆشەویستەکەمان و خەڵاتی ئاڵتوونی بهێنینەوە، لە ئایندەیەکی نزیکیشدا دەسکەوتی تریشمان دەبێت.

تیپی شانۆی هاوار لە ساڵی 2014دروستبووە کە سەرجەمیان دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکووکن بە شێوەیەکی ئەکادیمی کاری شانۆیی ئەنجامئەدەن ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ سەرکەوتنەکانیان و بەشداریکردنیان لە چەندین فستیڤاڵی نێوخۆیی و نێو دەوڵەتی تاکو ئێستاش 25 شانۆیان نمایشکردووە چوار فستیګاڵی سەرشەقامیان ئەنجامداوە لە شاری کەرکووک پێشتریش لە وڵاتی ئێران و میسرو دواتریش وڵاتی تونس بوو.

دڵشاد مستەفا وەسانی

بەرەو یادی 60 ساڵەی

خەبات

(13)

قۆناغی دوای ڕاپەڕینی 1991

2-1

ڕاپەڕینی ئاداری 1991 وەرچەرخانێکی گەورە بوو، کاریگەریی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کوردستان دانا، ئەو بارودۆخەی دوای ئەو ڕووداوە مەزنە هاتە کایە، باشترین ژینگەی بۆ بواری ڕۆژنامەگەریی دروست کرد، هەرچەندە ئابلۆقەی ئابووریی سەر کوردستان، کە لەژێر دوو ئابلۆقەی ئابووری (ئابلۆقەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر عێراق بەکوردستانەوە، ئابلۆقەی حکوومەتی عێراق لەسەر کوردستان) دەینااڵند، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنی گرنگ بۆ ڕۆژنامەگەریی کە ئازادییە، زەمینەی باشی ڕەخساند.

سەرەتای قۆناغەکە کە لە 5ی ئادارەوە بە ڕزگارکردنی ڕانیە دەستی پێکرد، لە ماوەی 15ڕۆژدا زۆربەی هەرە زۆری شار و شارۆچکەکانی کوردستان بە کەرکووکیشەوە ڕزگارکران، بەڵام جارێکی دی ڕژێمی عێراق پەلاماری شارە ڕزگارکراوەکانی دایەوە، لەبەرئەوە لە 31ی ئادار خەڵکی کوردستان شارەکانیان بەجێهێشت و کۆڕەوێکی ملیۆنییان بۆ ناوچە سنووربییەکان دەست پێکرد، دیمەنی کۆڕەو جیهانی هەژاند، بۆیە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕۆژی 5ی نیسانی 1991بڕیاری 688ی دەرکرد، لەبەر ڕۆشنایی ئەم بڕیارە هاوپەیمانەکان ناوچەیەکی ئارامیان لەسەرووی هێڵی پانیی 36دانا، کە بەناوچەی دژی فڕین ناسرا، فڕۆکەکانی عێراق بۆیان نەبوو ئەو ناوچەیە ببەزێنن.

ڕۆژی 7ی نیسانیش پێشمەرگە لە کۆڕێ هێرشی سوپای عێراقی تێکشکاند، بەغداش داوای گفتوگۆی لە بەرەی کوردستانی کرد، بەمەش هەرچەندە کۆڕێ خەتی سەربازیی نێوان هەولێر (لەژێر دەستی حکوومەتی عێراق) و قەزاکانی (شەقڵاوە و مێرگەسۆر و سۆران و چۆمان) ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی بوو، بەڵام بڕیارە نێودەوڵەتییەکە و وەستاندنی پەلاماری سوپا و پاشان گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و بەغدا، جۆرێک لە دڵنیایی و ئارامیی پەیدا کرد، چونکە هاتووچۆی نێوان هەولێر و هەرچوار قەزاکە ئاسایی بووەوە، ئەمەش دەرفەتی بۆ وەجوولەکەوتنی ڕۆژنامەگەریی و دەرچوونەوەی ڕۆژنامەی خەبات پەیدا کرد، چونکە دەرچوونی خەبات بێ هەولێر و چاپخانە نەدەبووە ڕۆژنامەیەک لە ئاستی قۆناغەکەدا بێت.

هەرچەندە لە سەرەتای قۆناغەکەدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو توانای خۆی بۆ بەرگریکردن و ڕاگرتنی پەلاماری ڕژێم خستبووەگەڕ، لێ دوای زیاتر لە چوار مانگ لەو ڕووداوانە، پارتی دەستی بە بەردەوامیدان بە ڕۆژنامەی خەبات کردەوە، لەو سۆنگەیەوە کە خەبات لە هەموو قۆناغەکاندا لەسەر هەمان زنجیرەی قۆناغی دەستپێک لە بەغدا ڕۆیشتووە، بۆیە دوای ڕاپەڕینیش دژێڕەی بە قۆناغی پێش خۆی داوە، بەوپێیەی دوا ژمارەی خەبات لە شۆڕشی گوڵان 609 بووە، بۆیە لە ئەیلوولی 1991لە شارۆچکەی (دیانا)، ژمارە 610 ئامادە کراوە و لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپکراوە، ئەم ژمارەیە بە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات (بەکوردی) لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین دادەندرێت، لەبەرئەوەی لە مانگی ئەیلوول دەرچووە، گرنگیی بە یادی شۆڕشی ئەیلوول داوە کە چۆن سەیری ئەزموونە تاڵ و خۆشەکانی ئەو شۆڕشە بکرێت، ڕاپۆرتێکی دەربارەی سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ شاری سلێمانی بڵاوکردۆتەوە، ئەم ژمارەیە لە زۆربەی شار و ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991دا، شارۆچکەی دیانا یەکەم پێگە و شوێنی هەنگاو هەڵێنانی ڕۆژنامەی خەبات بووە، بەڵام تەنیا یەک ژمارەی لەو شارۆچکەیە دەرچووە، بەهۆی جێگیرتر بوونی بارودۆخ، بارەگای ڕۆژنامە گواستراوەتەوە شەقڵاوە و ژمارە 611لەوێ دەرچووە، دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ساڵی 1991 خوالێخۆشبوو حەبیب محەمەد کەریم دەنێردرێتە مەکتەبی ڕاگەیاندن، لەگەڵ خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی سەرپەرشتی ڕۆژنامەی خەبات دەکەن، لەو ماوەیە هەفتانە بە زمانی کوردی دەرچووە، مانگی جارێکیش بە زمانی عەرەبی، دواتر هەفتانە سێ تا چوار ژمارە بە کوردی و ژمارەیەکیش بە عەرەبی دەرچووە.

پێش ئەوەی بارەگای هەردوو ڕۆژنامە لە هەولێر جێگیر بکرێن، بارەگای خەبات لە شەقڵاوە بووە، لە هەولێر و شارەکانی دی نووسینگەی هەبووە، دواتر نووسینگەی هەولێر لەگەڵ بارەگای سەرەکی خەبات و برایەتی تێکەڵاو دەکرێتەوە، بە بڕیاری حەبیب محەمەد کەریم لیژنەیەک بۆ دامەزراندن و بەکرێگرتنی خانوو و کڕینی کەلوپەل بۆ بارەگای هەردوو ڕۆژنامە لە ئەسعەد عەدۆ و خوالێخۆشبوو زاهیر ڕۆژبەیانی و زادوق ئادەم پێکهات، بەو ئامادەکارییە بارەگای سەرەکی خەبات و برایەتی لە